رەخنەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان ...



٤

تراژیدیای برسیەتی لە جیهاندا



٤

هەڵکشانی خێرای دراو و...



٨

گرژیی نێوان سووریا و تورکیە



٩

هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو...



١١


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـانی ئێـران

ژمارە ٥٩١، یەکشەممە، ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩١، ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


### کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات:
### سوپاسی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەین کە پەیامی پیرۆزباییان بۆ ناردووین

بە دوای کۆتاییهاتنی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەڵبژێرانەوەی دووبارەی بەڕێز مستەفا هیجری بە سکرتێری گشتیی حیزب، کۆمەڵێك پەیامی پیرۆزبایی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوە لە لایەن دۆستان و دڵسۆزان و ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بە ڕێبەرایەتی و سکرتێری گشتیی حیزب گەیشتوون کە دەربڕی هەستی خۆشحاڵیی ئەوان و نیشاندەری دڵسۆزی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون.

لەو پێوەندییەدا، ڕێبەرایەتی و سکرتێری گشتیی حیزب بە ئەرکی خۆیان زانی سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانە بکەن کە بە هەر شێوەیەك و لە هەر ڕێگایەکەوە پەیامی پیرۆزباییان ناردووە و هەستی دڵسۆزیی خۆیان دەربڕیوە. ئێمە بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەو هەست و دڵسۆزییە دەکەین و سوپاسی خۆمان بۆ ئەو ئازیزانە دووپات دەکەینەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی

٢٠ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی

## پـەیـڤ

ناهید حسێنی

### هەڵدێری ئابووری

قۆناغی نوێی گەمارۆ ئابوورییەکانی یەکیەتیی ئۆرووپا بۆ سەر ئێران، هیوا و خۆزگەکانی ڕێژیمی بۆ دەرچوون لەو قەیرانەی کە ئێستا تێی کەوتووە و ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە، کردە بڵقی سەر ئاو. چوونکە گەمارۆ نوێیەکان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بەشێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی ڕێژیم دەکەنە ئامانج. ئەنجامەکانی ئەو قۆناغەی گەمارۆکان قووڵتربوونی ئەو قەیرانە ئابووری و دراوییە بوو کە ماوەیەکە هەموو وڵاتی گرتۆتەوە، بە شێوەیەك کە نرخی دراوی ئێران لە بەرانبەر دراوە بەنرخەکاندا بە شێوەی سەرسووڕهێنەر و بەدەر لە کۆنترۆڵ دابەزیوە. وێڕای داشکانی نرخی دراوی وڵات، نرخی شتوومەکیش ڕۆژانە دەچێتە سەرەوە و بازاڕ بە یەکجاری متمانەی بە کاریگەریی سیستمی ئابووریی ڕێژیم لەدەست داوە.

هەڵوێستەکانی بەشێك لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ڕەوشی ئابووریی هەنووکەی وڵاتدا، نیشان دەدا کە گەمارۆکان کاریگەرییان لەسەر ڕێژیم داناوە. هەر چەند خامنەیی لەوپەڕی دەستەوەستانیدا هەوڵ دەدا وەری لایەنگرانی بەرز کاتەوە، بەشێك لە دەزگای بەڕێوەبەریی وڵاتیش خەریکە لایەنێك یان بە شێوەی ئاشکرا سیاسەتە هەڵەکانی ئەحمەدی نژاد بە سەرچاوەی ئاڵۆزیی بازاڕی دراو و ئەو قەیرانەی ئێستا لە قەڵەم بدەن، تا بەڵکوو لەو ڕێگەیەوە متمانەیەك بۆ بازاڕ بگەڕێننەوە و ڕێژیم لە ژێر کاریگەریی و ئەنجامەکانی ئەو قەیرانە ڕزگار بکەن.

گومان لەوەدا نیە کە سیاسەتی هەڵەی ئابووری دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد کاریگەری لەسەر خراپیی ڕەوشی ئابووریی ئێستای ئێران هەبووە، بەڵام فاکتەرە کاریگەرە ئابوورییەکان تەنیا بەشێك لە هۆکارەکانن. دەستبەسەرداگرتنی بنەما ئابوورییەکان و ناوەندە گرینگەکانی پیشەسازی لە لایەن سوپای پاسداران و بونیادەکانی سەر بە خامنەیی، تەرخانکردنی بەشێکی بەرچاو لە داهاتی وڵات بۆ بەرەوپێشبردنی بنەما ئیدئۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم، بەکارهێنانی بەشێکی زۆری بوودجە بۆ سەرکوتکردنی شارۆمەندان و دامەزراندنی رایەڵە سیخوڕییەکان، شەڕئەنگێزی و ئاژاوەنانەوە لە نێوخۆ و دەرەوەدا، بەشێك لە هۆکارەکانی لە کۆنترۆڵ دەرچوونی دۆخی ئابووریی وڵاتن.

ئەو گەمارۆیانە هەرچەند کاریگەریی رووخێنەریان لە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی داناوە و ئەگەر بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکرێن دەتوانن شادەماری ژیانی ڕێژیم بگرن، بەڵام ئەگەر ڕۆژئاوا و ئەمریکا بە هیوای ئەوە بن کە لەم ڕێگەیەوە سیاسەتی ڕێژیم لە پەیوەندی لەگەڵ بەرنامە ناوکییەکەیدا بگۆڕن یان کۆماری ئیسلامی بێننە سەر ئەو باوەڕە کە واز لە سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بێنێ، باشی بۆ نەچوون و تەنیا ڕێگا، بە ئامانجگرتنی سیستمی پەیوەندییەکان، سیخوڕی و نیزامیی ئێران و داخستنی دەرگاکانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و پەیوەندیی جیهانی بە سەر ئێراندایە.

# ڕۆژئاوا گوشارەکان زیاد دەکات



ڕێبەرانی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئۆرووپا لە کۆبوونەوەی سەرانی ئەم یەکیەتییە لە بروکسێل جەختیان کردەوە کە ئەگەر ڕێژیمی تاران بە بەرنامە ئەتۆمییە کێشەخوڵقێنەکەی خۆی درێژە بدات، گەمارۆ ئابوورییەکان بە دژی کۆماری ئیسلامی زیاتر دەکەن.

سەرانی یەکیەتیی ئۆرووپا لە ڕاگەیەندراوێکدا پێیان لەسەر ئەوە داگرتەوە کە: "تا کاتێك کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوازی هەنووکەی خۆی درێژە بدا، یەکیەتیی ئۆرووپا لە هاوکاریی نێونەتەوەیی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، درێژە بە گەمارۆکان و زیادکردی گوشارەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران دەدا".

ئەمە لە حاڵێکدایە کە یەکیەتیی ئۆرووپا لە حەوتووی ڕابردوودا، گەمارۆگەلێکی نوێی دژی ڕێژیمی ئێران بە پەسند گەیاند.

دەیوید کوهێن، جێگری وەزیری خەزێنەداریی ئامریکا لە کاروباری تێروریزم و زانیارییە ماڵییەکان لە وتوویژ لەگەڵ تەلەفزیۆنی "بلومبێرگ"دا گوتی کە ئامریکا گوشاری گەمارۆکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران زیاد دەکات.

ئەم گەمارۆ نوێیانە بەگشتی پیشەسازیی نەوت و گازی ئێران و هەروەها چەند بانکی ئێرانیان کردووەتە ئامانج و مەجید نامجوو، وەزیری وزە، وەزارەتی وزە و هەروەها وەزارەتی نەوتی ئێرانیان گرتووەتەوە.

## ئەخزەر بیر لە ئاشتی دەکاتەوە، ئەسەد کوشتوبڕ دەکات

ئەخزەر ئیبراهیمی، نوێنەری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی عەرەب، بە سەفەری خۆی بۆ سووریەدا داوای لە حکوومەتی ئەو وڵاتە کرد تا لە پێناو ئاگربڕدا، هەنگاوی یەکەم هەڵبگرێت.

هەر لەم کاتەدا، بەپێی ڕاپۆرتی ڕایەڵەی زانیاریگەیاندنی شۆڕشی سووریە، فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی ئەسەد ڕۆژی هەینی، ١٩ی ئۆکتۆبر، لە بەرەبەری سەفەری ئەخزەر ئیبراهیمیدا، بە بۆمبارانکردنی مزگەوتێك لە ناوچەی «موعەمەرە نەعمان» لە باکووری ڕۆژئاوای سووریەدا، بوون بە هۆی کوژران و برینداربوونی پتر لە پەنجا کەس.

هەر بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەسەد لە ناوچەی «ڕستن و ئەلقەیسەر»دا لە بۆمبی هێشوویی کەڵکیان وەرگرتووە.

ناوەندی زانیاریگەیاندنی شەهیدەکانی سووریەیش لە دوایین ئاماری خۆیدا ڕایگەیاندووە کە لە ماوەی ١٩ مانگ ڕاپەڕینی خەڵکی سووریەدا، ٣١٧٦ منداڵی سووری بە دەستی هێزەکانی ئەسەد کوژراون. زۆربەی ئەم منداڵانە لە بۆمبارانەکان گیانیان لە دەست داوە یان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بوونەتە ئامانجی گوللەی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی سووریە و کوژراون.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ژمارەیەك لەم منداڵانە لە خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام و لە قوتابخانەکاندا دەستبەسەر کراون و دواتر لە ژێر ئەشکەنجەی دڕندانەی مۆرە ئەمنییەتی و لیباس شەخسییەکاندا (شبیحە) گیانیان لەدەست داوە.

## تۆمەتباری تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان، ددانی بە تاوانەکانی خۆی دانا

تۆمەتباری پەروەندەی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان لە واشینگتۆن، تۆمەتەکانی خۆی لە بارەی بەشداری لە پیلانی تیرۆری ئەو باڵوێزە قبووڵ کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی فەڕانسە، «مەنسوور ئەرباب سییەر»، ڕۆژی چوارشەممەی حەوتووی ڕابردوو بە ئامادەبوون لە دادگای فێدراڵی نیویۆرك، ددانی بەوە دانا کە لە پیلانی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان کە هێزی قودسی سپاسی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەبەری دەکرد، بەشداری کردووە.

«CNN»یش ڕاپۆرتی دا کە ناوبراو لە دادگای فێدراڵدا ڕایگەیاندووە کە ئەو لەگەڵ کەسانێك لە نێوخۆی ئێراندا لە داڕشتنی پیلانی کوشتنی باڵوێزی عەرەبستاندا بەشداری هەبووە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، بەرپرسانی فێدراڵ ڕایانگەیاندووە کە «مەنسوور ئەرباب سییەر»ی ٥٧ ساڵە، ویستوویەتی لە ڕێگەی گرووپێکی مێکزیکیی قاچاخی ماددەی سڕکەر، بۆمبێك لە ڕێستوورانێك لە واشینگتۆن دابنێت و لە کاتی ئامادەبوونی عادل ئەلجەبیر، باڵوێزی عەرەبستان لە واشینگتۆن لەو ڕێستوورانەدا، بیتەقێنێتەوە.

لە هەواڵێکی دیکەدا، تەلەفزیۆنی ئەلعەرەبییە ڕاپۆرتی دا، گاردە سنوورییەکانی عەرەبستان لە کەنارە ڕۆژهەڵاتییەکانی عەرەبستاندا، دەستیان بەسەر بەلەمێکدا گرتووە کە ١٥ ئێرانی تێدا بووە.

سەرگورد «خلیفە العرقوبی»، بە ڕایگەیاندنی ئەم هەواڵە، وتی: «ئەم ١٥ کەسە دەیانویست لە ڕێگەی کەنارە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناوچەی «الخفجی»، بێنە نێو خاکی عەرەبستانەوە کە دەستبەسەر کران.

ڕاگەیەنە سعوودییەکان پاش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، دەستبەجێ ئەوەیان لەگەڵ دادگاییکردنی «مەنسوور ئەرباب سییەر» بە پێوەندیدار لەقەڵەم دا.

## راگەیەندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پانزدەهەم، بە بۆنەی بەرێوەچوونی دووهەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی

بۆ ئاگاداری رادەگەیەنین کە کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵبژێراوی کۆنگرەی پانزدەهەم، دووهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و ئەندامانی جێگری کومیتەی ناوەندی، سەعات ٩:٣٠ی بەیانی رۆژی شەممە، رێکەوتی ٢٩ی رەزبەری ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ی زایینی پێك هێنا.

پلینۆم سەرەتا بە راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، کاك مستەفا هیجری وێڕای پیرۆزبایی دووبارە لە ئەندامانی رێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پانزدە، دەستوری کاری پلینۆم کە بریتی بوون لە هەڵبژاردنی جێگری سکرتێری گشتی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی راگەیاند. پاش پەسندکرانی دەستووری کار، سکرتێری گشتیی باسێکی وردی لەسەر بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرەی پانزدەی حیزب پێشکەش کرد کە لەودا بۆ بەرچاوڕوونیی بەشداران ئاوڕی لە کەموکوڕییەکان و ئەو باس و پێشنیارانە دابۆوە کە بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان هاتبوونە گۆڕێ و سەرنجی بەشدارانی بۆ ئەو ئەرکانە راکێشا کە بەڕێوەبەرایەتیی نوێی حیزب دەبێ بۆ ئەنجامدانیان تێبکۆشێ، بەشدارانی پلینۆم وێڕای تەئییدی باسەکە تێبینی و بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕی و چالاکانە بەشداریی باسەکان بوون.

بە دوای ئەو باسەدا دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بەرێوەچوو کە لە ئاکامدا هاوڕێ حەسەن شەرەفی وەکوو جێگری سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا.

بە دوای ئەو هەڵبژاردنەدا سکرتێری گشتیی حیزب، باسێکی چڕوپڕی لەسەر گەڵاڵەی پێشنیاری بۆ دیاریکردنی ئەو کار و ئەرکانەی کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی پێویستە بەرێوەی بەرن، پێشکەشی بەشداران کرد کە پاش پەسندکرانی ئەو گەڵاڵە و پێشنیارانە، دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەرێوەچوو کە لە ئاکامدا ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردران.

ئەندامانی بەشدار لە پلینۆم پاش پیرۆزباییکردن لە هەڵبژێراوان، سەعات ٦:٣٠ ئێوارەی هەمان رۆژ کۆتاییان بە کارەکانی پلینۆم هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کومیتەی ناوەندی
٣٠ی رەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی
٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ی زایینی

## دیداری هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سەرۆکی ئاکادیمیای جیهانی بەرنامەدانان و رۆژنامەنوسێکی نێودەوڵەتی

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لە بنکەی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری هەولێر پێشوازی لە دوکتور ئالان دیلانی و کارۆڵ پرۆن هوبێر، نووسەری کتێبی «ژیان و مەرگی قاسملووی کورد» کرد.

لەو دانیشتنەدا سکرتێری حیزب، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی لە دیدار لەگەڵ دۆستی دێرینی حیزبی دێموکرات، «کارۆڵ پرۆن هۆبێر»، لە بارەی کار و پرۆژەکانی ئەو نووسەرە بۆچوونی خۆی هێنایە بەرباس.

لە برگەیەکی دیکەدا باس لە ئەنجامی سەرکەوتووانەی دووهەمین کۆنگرەی زانستیی کورد لە هەولێر کرا و سکرتێری گشتیی حیزب سەبارەت بەو هەوڵانە سوپاس و دەستخۆشی خۆی پێشکەش بە ئالان دیلانی، سەرۆکی ئاکادیمیای جیهانی بەرنامەدانان بۆ تەندرووستی کرد.

بەڕێز مستەفا هیجری لەو پێوەندییەدا کۆمەڵێك پێشنیار و بۆچوونی بۆ پرۆژەکانی داهاتوویان هێنایە بەر باس.

لەلایەکی دیکەوە هەیئەتی میوان، پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٥هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە هەیئەتی حیزب راگەیاند و ئەو حیزبەیان وەکوو هێزی سەرەکی لە مەیدانی خەباتی کوردستانی ئێران، ناو برد و وتیشیان ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرێ کە ببێتە میحوەری یەکیەتییەکی بەرینی نەتەوەیی و بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە دەوری ئاڵای خەباتی کوردایەتی کۆ بکاتەوە.

## سەردانی هەیئەتێکی ئیدارەی پەنابەرانی نۆروێژ لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات

هەیئەتێکی ئیدارەی پەنابەرانی وڵاتی نۆروێژ سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێ کرا.

سەرلەبەیانیی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی ٢٥ی رەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی، «ئارە هۆڤدەناك» لە ئیدارەی زانیاری لەسەر وڵاتەکان، «یویریوند سوێرنسن» لە ئیدارەی پێداچوونەوە بە داخوازیی پەنابەران (UNE) و «هیوا مورادی» لە ئیدارەی پەنابەران (یۆردی ـ ئای) سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

لەو دانیشتنەدا «ئارە هۆڤدەناك» هێندێ بابەتی لەسەر رەوشی سیاسیی ئێران، بزووتنەوی رزگاریخوازیی کوردستان، رۆڵی حیزبی دێموکرات، ئامانجە سیاسییەکان و شێوازی خەبات و تێکۆشان ورووژاند کە ئەو باس و بابەتانە لە لایەن بەڕێز «حەسەن شەرەفی»یەوە وڵام درانەوە.

بەشێکی دیکە لە باسەکانی هەیئەتی پەنابەران لەسەر بارودۆخی خەباتی گەلانی ئێران و گوشار و زوڵم و زۆرییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر تێکۆشەرە مافخوازەکانی گەلانی ئێران بوو.

هەر لەو پێوەندییەدا نوێنەری ئیدارەی پەنابەران وتی: «ئێمە لەسەر چۆنیەتیی وەرگرتنی پەنابەر و ئەو کەسانەی کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە مەترسییان لەسەرە، بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو کار دەکەین».

ئەو هەیئەتە ئەوەشی خستە روو کە «زانیاری و پشتگیریی حیزبی دێموکرات لەو کەسانەی کە لە لایەن رێژیمی ئیسلامییەوە مەترسیی گیانیان لەسەرە، بۆ ئێمە جێگای بایەخە و گرینگی پێ دەدەین».

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا باسێکیش لەسەر « NGO» حیزبییەکان و یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان و خوێندکاران و شێوەی کار و تێکۆشانیان کەوتە بەر باس.

## هاودیتنی دوو شاندی حیزب و کۆمەڵێک کەسایەتیی بیانی و نێوخۆیی

شاندێکی پێکهاتوو لە کەسایەتییە بیانی، ئێرانی و کوردستانییەکان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

سەرلەبەیانیی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی ٢٣ی رەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی، کۆمەڵێك کەسایەتیی ئێرانی و کورد و ئەندام پارلمانی کانادایی کە لە کۆنگرەی زانستیی هەولێردا بەشدار بوون، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز مستەفا هیجری پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنە فەرمییەدا لە لایەن بەڕێز «جیم کەریجانی»، ئەندام پارلمانی کاناداوە، کۆمەڵێك پرسیار لەسەر رەوشی کورد بەگشتی و کوردستانی ئێران و هەلومەرجی خەباتی کورد لە کوردستانی ئێران و ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات و روانینی حیزب دێموکرات بە نیسبەت رووداوە سیاسییەکانی ناوچە ئاراستەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب کرا. هەروەها ناوبراو مەسەلەی داخستنی باڵوێزخانەی ئێرانی لە کانادا و پچڕانی پێوەندییە سیاسییەکانی کانادای لەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران خستە بەر باس.

پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن رێژیمی ئیسلامی و سیاسەتی دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و یارمەتی بە تیرۆریزم لە لایەن ئەو رێژیمەوە یەکێك لە بابەتەکانی دیکەی ئەو دانیشتنە بوو.

لە درێژەی دیدارەکەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، مستەفا هیجری، پاش وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی شاندی میوان، روانگەی حیزبی دێموکراتی سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان و چۆنیەتیی خەبات بە دژی رێژیمی ئیسلامی شی کردەوە.

دواتر لەسەر مەسەلەی دیالۆگی حیزب لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و رێککەوتنی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە باس کرا. سکرتێری گشتیی حیزب لەو بارەوە رایگەیاند کە سیاسەتی ئێمە هەم لە ئاستی ئێران و هێزە سەرتاسەرییە سیاسی و پێشکەوتووەکان و هەم لە ئاستی کوردستانی ئێران، سیاسەتێکی نەگۆڕە. وتی: «ئێمە سیاسەتی دیالۆگ لەسەر پاراستنی بنەما سیاسی و فیکرییەکانمان درێژەی دەدەین و فیدراڵیزم بە رێگەچارەی پێکەوەژیانی گەلانی ئێران و سەقامگیربوونی دێموکراسی دەزانین.». پاش باسێکی هەمەلایەنە لەسەر ئەم بابەتانە، «جیم کەریجانی» ئەندام پارلمانی کانادا ئەم سەردانەی بە دیدارێکی ئەرێنی ناو برد.

## پێنج زیندانیی سیاسیی کورد بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزراون

پێنج زیندانیی سیاسیی کورد چەند رۆژ لەمەوبەر لە گرتووخانەی شاری ورمێوە بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزراون.

یووسف کاکەمەمی، عەلی ئەحمەد سلێمان، ئەحمەد تەمۆیی، بیژەن بادوزادە و مستەفا عەلی ئەحمەد لە لایەن حەفازەتی زیندانی ورمێ بانگهێشت کراون و ماوەی پتر لە حەوتوویەکە چارەنووسیان نادیارە.

بەپێی هەواڵی کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، ئەو چەند هاووڵاتییە پێشتریش لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعات و حەفازەتی زیندانی رێژیم لە ورمێ، خراونەتە ژێر زەخت و گوشارەوە.

حوکمی زیندانی ٤ کەسیان بەم شێوەیە، ئەحمەد تەمۆیی، ١٥ ساڵ ـ عەلی ئەحمەد سلێمان، ٥ ساڵ ـ مستەفا عەلی ئەحمەد ( هاووڵاتیی سووریە)، ١٠ ساڵ و یووسف کاکە مەمی ٧ ساڵ زیندان.

هەر لەو پێوەندییەدا جەهانگیر ( بیژەن) بادوزادەش لە لایەن دادگای ئینقلابی رێژیم لە ورمێ بە تاوانی «محاربە»، حوکمی زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپاوە.

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ سەرۆکی تازەهەڵبژێردراوی حیزبی سوسیالیستی گەلی دانمارک

بەڕێز: خانمی ئانیت ویلهێمێن

ئاگادار بووین کە بەڕێزتان لە دوایین هەڵبژاردنی حیزبەکەتاندا، حیزبی سوسیالیستی گەلی دانمارك (SF)، وەکوو سەرۆکی حیزب هەڵبژێردران.

ئێمە ئاگاداری هەڵوێستە دۆستانەکانی حیزبی ئێوە دەرهەق بە پرسی کورد وەکوو نەتەوەیەکی ماف پێشێلکراو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێوەندی نێزیکتان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەین. لەو پێوەندییەدا پیرۆزبایی خۆمانتان پێشکەش دەکەین و هیواخوازین سەرۆکایەتیی بەڕێزتان یارمەتیدەر بێ بۆ پتەوترکردنی پێوەندیی دۆستانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی سوسیالیستی گەلی دانمارك و لە سایەی سەرۆکایەتیی بەڕێزتاندا حیزبەکەتان زیاتر گەشە بکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی، مستەفا هیجری
١٤ی ئوکتوبری ٢٠١٢

## دوو کەسایەتیی بیانی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتیان کرد

دوو کەسایەتیی بیانی و دۆستی کورد، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لە دانیشتنێکدا، لەسەر بەرنامەی ناوکیی رێژیمی ئێران و پاڵپشتیی ئەو رێژیمە لە تیرۆریزمی نیودەوڵەتی لەگەڵ حیزب ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

مایکل گانتێر، پرۆفیسۆر و دۆستی کورد و یوست یۆنگێردێن، نووسەر و لێکۆڵەر، رێکەوتی ٢٢ی رەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی پێشوازییان لێکرا.

مایکل گانتێر و یۆست یۆنگێردێن، بە مەبەستی بەشداری لە کۆنگرەی زانستی لە هەرێمی کوردستان سەفەری هەرێمی کوردستانیان کردبوو و پێوەندییەکی دۆستانەشیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیە.

لەم دانیشتە دۆستانەیەدا کۆمەڵێك پرسی گرینگ وەك پرسی کورد و ئامانجە سیاسییەکانی، رەوشی کوردستانی ئێران، رەوشی رێژیمی ئیسلامیی ئێران و یارمەتیدانی ئەو رێژیمە بە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی و دەستێوەردانی رێژیم لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و بەتایبەت یارمەتیکردنی رێژیمی دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد لە سووریە، خرانە بەر باس.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا پرسی بەرنامەی ناوکیی رێژیمی ئێران و وەڵامنەدانەوەی ئەو رێژیمە بە داخوازییەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و سیاسەتی وڵاتانی رۆژئاوایی بەرانبەر بەو رێژیمە تاوتوێ کرا.

هەردوو هەیئەت لەو باوەڕەدا بوون کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك رابردوو لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام دەبێ و پێویستە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی گوشارەکانی بۆ سەر رێژیم زیاتر بکا.

## بەڕێوەچوونی رێورەسمی کۆتایی دەورەی ٢٠٤ی سەرەتایی پێشمەرگە

رێورەسمی کۆتایی دەورەی ٢٠٤ی سەرەتایی پێشمەرگە، رێکەوتی ٢٧ی رەزبەر بە بەشداریی ئەندامانی رێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە ساڵۆنی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

بەپێی راپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، رێورەسمەکە بە رێژەی نیزامیی بەشداربووانی دەورەی ٢٠٤ی سەرەتایی پێشمەرگە دەستی پێکرد و دواتریش بەڕێز چەکۆ رەحیمی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

چەکۆ رەحیمی وتی: لە ماوەی بەڕێوە چوونی دەورەی ٢٠٤دا کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕی گرینگ هاتوونەتە پێش و بەستنی کۆنگرەی ١٥هەمی حیزب یەکێك لەو رووداوە گرینگانەیە.

ئەو ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات لە درێژەدا باسی درووشمی کۆنگرەکەی کرد و وتی: ئێمە «درووشمی هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتن»مان بە خوێندنەوەیەکی ئەمرۆیی لە کۆمەڵگای کوردستان و ناوچە هەڵبژاردووە.

چەکۆ رەحیمی لەبەشێکی دیکەی ئاخاوتنەکەیدا پرژایە سەر کاریگەری گەمارۆکانی سەر رێژیمی ئێران و لەو باوەڕەدا بوو کە کاریگەریی گەمارۆکان بە رادەیەکە کە ئابووریی ئەو رێژیمەی بەرەو لاوازییەکی بەرچاو بردووە.

لە برگەیەکی دیکەی رێورەسمەکەدا بەڕێز بەهمەن کەریمی، یەکێك لە مامۆستایانی دەورە، راپۆرتی ئاموزشی دەورەی ٢٠٤ی خوێندەوە. دواتر بەڕێز ئیسماعیل زورمەند، یەکێك لە بەشدارانی دەورەی ٢٠٤، پەیامی دەورەی بەو بۆنەیەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

بەشێکی دیکەی رێورەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ ناساندن و خەڵات کردنی نەفەراتی سەرکەوتووی دەورەکە.

هەروەها لە نێوئاخنی رێورەسمەکەدا چەند سروود و گۆرانی لە لایەن بەشدارانی دەورەی ٢٠٤ی سەرەتایی پێشمەرگەوە پێشکەش بە ئامادەبووانی رێورەسمەکە کرا.

## پەیامی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکرات بۆ ژنانی کوردستان




ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!

بە ناوی هەموو بەشدارانی کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی د.سادق شەرەفکەندی) و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەوە گەرمترین سڵاوی شۆڕشگێڕانەتان پێشکەش دەکەین و لە بەرامبەر خەبات، خۆڕاگری و دەوری ئازایانەتان لە بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی حیزب و بزووتنەوەکەمان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا سەری رێز و حورمەت دادەنەوێنین.

ژنانی کوردستان هەمیشە لە ریزی پێشەوەی خەبات و بەربەرەکانێ لە دژی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویيدا بوون و لەو رێگایەدا قوربانیی زۆریان داوە. هەر لە یەکەم رۆژەکانی هاتنەسەرکاری رێژیمی دژی ژن و چەوسێنەری کۆماری ئیسلامییەوە، کۆمەڵێك ژنی ئازادیخواز بە تێکەڵبوونیان بە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و باقی هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستان ئیرادەی ژنی کوردستانیان بۆ راوەستان لە بەرامبەر چەوساندنەوەدا نیشان دا. لەو کاتەوە بە هەزاران ژنی شۆڕشگێڕ لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە دژی ستەم و چەوسانەوەدا دلێرانە راوەستاون و بە دەیان چیرۆکی بوێری و خۆڕاگرییان تۆمار کردووە.

ئەو خەبات و خۆڕاگرییەی ژنانی کوردستان بە شێوەیەك بووە بە چقڵی چاوی رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە چوارچێوەی سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی لە دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا، بەربەرەکانێ لەگەڵ خەباتی ژنانی کردووە بە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی. بێ‌مافی و بێبەشکردنی ژنان لە زۆر دەرفەتی کار و خوێندن، بەربەستکردنی سنووری ئازادیی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە مێژوودا یەکێك لە شانازییەکانی ژنی کورد بووە، گرتن، دەستدرێژی و ئەشکەنجەی دووقاتی جەستەیی و دەروونی بەشێك لە کردەوە دژە مرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی ژنان بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتین.

یاسا سەدە نێوەڕاستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکانی ژیان، سیاسەت، دادوەری، بنەماڵە، کار و ئابووریدا بە شێوەیەك دانراون کە نە تەنیا ژن بە مرۆڤی پلە دوو دادەنێن، بەڵکوو لە زۆر بوارەوە ژن دەکەن بە ئامرازێك بۆ رابواردن و خزمەتکردنی بەشێك لە پیاوانی کۆمەڵگا. رێژیم لە ماوەی تەمەنیدا هەوڵی داوە کە بە دووچاوەکی بینین و باقی هەڵاواردنە کۆمەڵایەتییەکان، ژن بخاتە پەراوێزی کۆمەڵگاوە و بیانکا بە دواژۆی سیاسەتە کۆنەپارێزەکانی خۆی. بەڵام بەشداریی ژنان لە هەموو مەیدانەکانی خەبات و خۆڕاگری لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا، ئەو خەیاڵەی رێژیمی لە گۆڕ ناوە.

ژنانی کوردستان، وێڕای بەربەرەکانێ لە دژی سیستمی دژی مرۆڤانەی دەسەڵاتدار، لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگاشدا خەباتێکی بێوێنە بۆ مافی یەکسان بەڕێوە دەبەن و لەو پێناوەشدا قوربانیی زۆریان داوە. دیاردەی جەرگبڕی خۆسووتاندنی ژنان لە کوردستان وەکوو دژکردەوەی هەرەتراژیکی ژنان لە بەرامبەر بێ‌عەداڵەتیدا نیشانەی هەرە ڕوونی ئەو خۆڕاگرییەیە. بەربەرەکانێی ژنان و بەتایبەت کچانی لاو لە دژی ئیرادەی ئەو بەشە سوننەتییەی کۆمەڵگا کە دەیەوێ ئیرادەی خۆی بە سەر تاك و بنەماڵەدا بسەلمێنێ جێگای رێزگرتنە. هەر چەند دەستکەوتی ئەو تێکۆشانە جارێ نەگەیشتووەتە ئاستی شیاو و نەیتوانیوە لە قورسایی بێعەداڵەتی کۆمەڵایەتی بە نیسبەت ژنان بە رادەی پێویست کەم بکاتەوە، بەڵام هەتا رادەیەك توانیویەتی پێش بە رەوتی گێڕاندنەوەی کۆمەڵگا بۆ دواوە بگرێ.

ژنانی تێکۆشەر!

کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە شێوەیەکی شیاو رەوشی ژیان و تێکۆشانی ئێوەی خستە بەر باس و کۆمیتەی ناوەندی تازەهەڵبژێردراوی ئەرکدار کرد کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو بەندانەی بەرنامەی حیزب کە پێوەندییان بە یەکسانی کۆمەڵایەتی و ماف و پێگەی ژنانەوە هەیە بە جیددی تێبکۆشێ. ئەو ئەرکە تەنیا کاتێك دەتوانێ بە جێ بگەیەندرێ کە ئێوەی تێکۆشەر، بە گەرمی پێشوازی لێ بکەن و بۆ بە ئەنجامگەیاندنی قۆڵ هەڵماڵن.

ساڵانی داهاتوو، بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و خەبات لە دژی کۆنەپەرستی و ستەم قۆناغێکی چارەنووسساز دەبێ. بۆیە دەوری ژنان لە درێژەپێدان و گەشاندنەوەی ئەو خەباتەدا زۆر گرینگە. داوا و هیوای کۆنگرەی حیزب وەك لە دروشمەکەیدا کە «هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتندا»یە، لە ئێوە ئەوەیە کە ریزەکانتان یەکگرتووتر بکەن، بە پەیوەستبوون یان پێوەندیگرتن لەگەڵ رێکخراوە حیزبییەکان، یان بە شێوەی سەربەخۆ و بە پێکهێنانی کۆمەڵە، ناوەند و ئەنجوومەنی جۆراوجۆر، تەنانەت زیاتر لە جاران دەور و ئیرادەی خۆتان لە خەبات لە دژی هەڵاواردن و نابەرابەریدا نیشان بدەن. لە دژی زوڵم و بێعەداڵەتی راپەڕن، دیاردە ناشرینە کۆمەڵایەتییەکان قەبووڵ مەکەن، پشتیوانی لە هەڵوێست و داخوازە رەواکانی هاووڵاتییانتان بکەن چ بە شێوەی بەکۆمەڵ بێ و چ بە شێوەی تاکەکەسی.

با هەموومان پێکەوە بە دەنگێکی ئازایانە کە شیاوی دەنگی هەقخوازانەی ژنانی کوردستان بێ بڵێین:

ـ نا بۆ هەڵاواردنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری و نا بۆ هەڵاواردن لە کۆمەڵگادا، لە نێو بنەماڵەدا و هەموو شێوازەکانی دیکەی هەڵاواردن

ـ نا بۆ کۆماری ئیسلامی و هەموو یاسا و رێسا دژە مرۆییەکانی

ـ نا بۆ ئەو دابونەریتە کۆنەپەرستانانە کە دژی ئازادیی ژنان و یەکسانیی کۆمەڵایەتین

ـ نا بۆ توندوتیژی، نا بۆ خۆسووتاندن

دڵنیا بن کە حیزبی دێموکرات حیزبی ئێوە و پشتیوانی هەموو داخوازەکانتانە.

سەرکەوێ خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنانی کوردستان

نەمان بۆ کۆنەپەرستی و هەڵاواردن

بڕووخێ رێژیمی دژی ژنی کۆماری ئیسلامی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆنگرەی پانزدەهەم

## پەیامی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکرات بۆ کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە




خەباتگێڕانی رێگای دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیی کورد!

رێبوارانی رێبازی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی!

کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبە خۆشەویست و تێکۆشەرەکەمان (کۆنگرەی شەرەفکەندی) لە رەوتی کاری چەند رۆژی رابردووی خۆیدا ئاوڕی لە رابردووی پڕسەروەری ئێوە و هەوڵ و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ئەمڕۆتان دایەوە و بە چاوی رێزەوە سەیری ئەو ئەرکە قورس و لە هەمان کاتدا پڕ بایەخانەی کرد کە بۆ بە ئەنجامگەیاندنیان کات و تەمەن و توانای خۆتان تەرخان کردووە و هەر لەو پێناوەشدا ژیانی ئاساییتان وەلا ناوە، مەترسی بڕینی رێگای خەباتتان لە خۆتان گرتووە، لە خۆشەویستانتان بۆ خۆشەویستی نەتەوەکەتان دوور کەوتنەوە و رێگای خەباتێکی دژوار و تەنانەت پڕمەترسی، بەڵام پڕ لە شانازیتان گرتووەتە بەر و لە سەنگەری پێشەوەی ئەو خەباتەدا جێگیر بوون کە بۆ وەدیهاتنی دێموکراسی و دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی کورد لە گۆڕێدایە و ریزەکانی لە تێکۆشەرانی وەك ئێوە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتووە.

ناوی ئێوە و وشەی پیرۆزی پێشمەرگە ئەمڕۆ نە تەنیا لە نێو کورددا، بەڵکوو لە جیهاندا دەربڕی ئازادیخوازی و نیشاندەری فیداکاری کەسانێکە کە لە پێناو رزگاریی نەتەوە و وەدستهێنانی ماف و ئازادی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانیدا نموونەی لەخۆبردوویی و بەرزترین پلەی فیداکارییە.

کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە ئێوەی تێکۆشەرانیدا بەدی دەکا، دڵنیایە کە لە ئێستا و لە داهاتوو و لە هەر هەلومەرج و ئاڵوگۆڕێکدا دەتوانن شوێندانەر بن و دەوری بەرچاو بگێڕن. کۆنگرە هیواداره بە بردنەسەری پلەی زانیاری و پاراستنی ئەو نەزم و دیسیپلینەی کە رازێنەری سیمای کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتە، رۆژ بە رۆژ شوێندانەرتر و سەرکەوتووتر بن.

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
رەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی

## پەیامی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکرات بۆ خوێندکاران و لاوانی کوردستان




لاوان و خوێندکارانی ئازادیخواز و تێکۆشەری کورد!

لە تریبۆنی پانزدەهەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەمانەوە (کۆنگرەی شەرەفکەندی) گەرمترین سڵاوتان پێشکەش دەکەین و ئاواتەخوازین کە لە راستەڕێگای خەبات و زانست و لە هەمبەر بەدیهێنانی ژیانێکی پڕ لە دادپەروەری و شیاوی مرۆڤدا سەرکەوتوو بن.

رۆڵە چاوکراوەکانی کوردستان!

کۆنگرەکەمان بەوپەڕی رێز و شانازییەوە لە خەباتی لاوان و خوێندکاران و قوربانییەکانی ئەوان لە هەمبەر بە دیهێنانی ژیانی ئازادانە دەڕوانێت و لێرەوە بە گەرمی دەستی خەباتکارانەتان دەگووشێ.

توێژەی ئێوە لە ئاڵوگۆڕەکانی دنیای ئەمڕۆدا گرینگترین هێزی بزوێنەر و رۆڵگێڕی سەرەکیی گۆڕەپانی خەبات بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ بەرەو گەشەی هزری و کرانەوەی سیاسیی کۆمەڵگاکان و دەربازبوونی لە تەنگانەی نەریتە چەقبەستووەکان و سەرەڕۆیی سیستمە پاوانخوازەکانە. خەبات بۆ گەیشتن بە دادپەروەری، دێموکراسی، رزگاریی نەتەوەیی و یەکسانیی تاك و کۆمەڵگاکان هونەری مرۆڤگەلێکی وریا، بوێر و تێگەیشتووە کە گرێدراوی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و یاسا و نەریتە دژە مرۆییەکانیان نین. ئەم راستییەیە کە هەنووکە و لە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئافریقادا بۆتە هۆی رووخان و وەلەرزەکەوتنی کۆشکی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان و لە نێوخۆی وڵاتەکەی ئێمەشدا خورپەی رووخانی خستۆتە نێو دڵی دیکتاتۆر، بە جۆرێك کە لە ترسی تەقینەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، پەنای بردۆتە بەر هێزی سەرکوتی زیاتر و چەواشەکاری و داپڵۆسین.

لە وەها هەلومەرجێکدا، هێزی پەنگخواردووی شۆڕش و گۆڕان کە لە ناخی توێژی لاو و خوێندکاردایە، دەتوانێ ببێتە پێشەنگ و کاتالیزۆری هەڵگیرسانی شۆڕشێکی رزگاریبەخش لە پێناوی ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکانی گەلانی ئێران و خەڵکی کوردستاندا.

لە روانگەی ئێمەوە لاوان و خوێندکاران بە هزری رەخنەگرانە و ئاوەزی کونجکۆڵانە و وزەی گۆڕانخوازانە دەتوانن ببنە دینامیزمی گۆڕان بەرەو داهاتوویەکی گەش و پڕ لە هیوا. کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانیی خۆی لە خەباتی لێبڕاوانەی ئێوە لە پێناوی داهاتوویەکی گەش و کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا بۆ وڵاتەکەمان دووپات دەکاتەوە و سەرکەوتنتان لەو خەباتە رەوایەدا بە ئاوات دەخوازێ.

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# ڕەخنەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان توندتر دەبن

■ ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمساڵ لە کاتێکدا ڕۆژی ٢٤ی ئۆکتۆبر جەژن دەگرێ کە ئەم ڕێکخراوە بە هۆی بێتوانایی نواندنی لە هەمبەر چارەسەرکردنی پرسی سووریە و کۆتاییهێنان بە کوشتوبڕی خەڵك لەو وڵاتە کەوتووەتە بەر ڕەخنەی توندەوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی گشتیی خۆی لە ١٩٤٧دا، ڕۆژی ٢٤ی ئۆکتۆبری وەکوو ساڵڕۆژی ئەو ڕێکخراوە دیاری کرد و ڕایگەیاند کە ئەم ڕۆژە «دەبێ بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی سەرانسەری جیهان لە ئامانجەکان و دەستکەوتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاکێشانی پشتیوانی بۆ کارەکانی تەرخان بکرێ.»

هێندێ لە ڕەخنەگران و کارناسانی کاروباری پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، بێتوانایی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەنیسبەت هەڵوێستگرتنێکی جیددی و کردەکی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لە سووریە و ڕاوەستاندنی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی ئەو وڵاتە بە دەستی هێزەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، بە دەستەوەستانییەك دەزانن کە لە چارتی ڕێکخراوەیی ئەو ڕێکخراوەوە سەرچاوە دەگرێ. شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ پرسی سووریە، نموونەیەکە لەو دەیان نموونە دەستەوەستانییەی کە لە دەیەکانی ڕابردوودا لێی بینراوە، بۆ نموونە لە بۆسنی. ڕەجەب تەیب ئۆردۆغان، سەرۆك وەزیران تورکیە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لە ئێستانبول، ڕەخنەی لە شووڕای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی سووریە گرت و وتی: «هەڵەی ئەم ڕێکخراوە کە کوشتاری بەکۆمەڵی بوسنی و هێزۆگۆوین لە دەیەی ٩٠ی سەدەی پێشووی لێکەوتەوە، خەریکە دووپات دەبێتەوە». هەروەها فرانسوا ئۆلاند لە کۆبوونەوەی گشتیی سەرانی ئەو ڕێکخراوە کە ماوەیەك لەمەوپێش بەڕێوەچوو، ئەو پرسیارەی ڕووبەڕووی کۆبوونەوەکە کرد کە دەبێ چەندسەد کەسی دیکە لە سووریە بکوژرێن و خوێنی چەندسەد کەسی دیکە لە خەڵك بڕێژرێ تا ئەم ڕێکخراوە دەستبداتە کردەوەیەکی جیددی و یەکلاییکەرەوە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناو ئامانجە جیهانییەکانیدا لە بوارە جیاجیاکاندا چالاکە، بەڵام گرینگترین ئامانجی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە پێکهێنانی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتەکانی جیهانە. ئەگەرچی ئەم ڕێکخراوە لە پێناو پاراستنی ئاشتی و پێشگرتن بە هەڵایسانی شەڕی نێودەوڵەتی لە چەشنی شەڕە جیهانییەکانی یەکەم و دووهەم تا ڕادەیەکی زۆر و بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی ساردا سەرکەوتوو بوو، بەڵام لە پێناو بەدیهاتنی ئەم ئامانجەیدا، بەشێکی زۆر لەو ئامانجانەی پێشێل کردووە یان لەبەر چاو ون کردووە کە لە پەسەندکراوە بەناوبانگەکانیدا وەك جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ هاتوون. لە نموونەیەك وەك سووریەدا، چەند خاڵی زەق هەیە کە ئامانجی ئەو ڕێکخراوە بۆ پاراستنی ئاشتی دەبەنە ژێر پرسیارەوە، وەك یەکەم، دەوڵەتی بەشار ئەسەد خەڵکی وڵاتەکەی کوشتوبڕ دەکات، بەڵام هێشتا کورسی نوێنەرایەتییەکەی لەو ڕێکخراوەدا بە مافی دەنگدانەوە پارێزراوە، دووهەم، دەوڵەت لە لایەن دوو زلهێزی خاوەن مافی ڤێتۆ لە شووڕای ئاسایشی ئەو ڕێکخراوە، چین و ڕووسیە، پشتیوانی لێدەکرێ و چەکوچۆڵی بۆ دەنێردرێ کە ئامانجەکەی نەك ئاشتی نیە بەڵکوو شەڕ لەگەڵ خەڵکی ناڕازیی سووریەیە، سێهەم، سەروەریی خاکی سووریە بەپێی بەندەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پارێزراوە مەگەر شووڕای ئاسایش بڕیاری بەزاندنی بدات کە بەم پێیە تا کاتێك ئەندامێکی هەمیشەیی ئەو شووڕایە درێژە بە پشتیوانیی خۆی لە دەوڵەت بدات، ئەوا دەوڵەتی بەشار ئەسەد دەتوانێ هەموو خەڵکی وڵاتەکەی قەڵاچۆ و کوشتوبڕ بکات.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی پەسندکراوەکانی کاتێك دەتوانێ لە وڵاتێك بە شێوەی سەربازی دەستێوەردان بکات کە بە «دەستێوەردانی مرۆیی» لە قەڵەم بدرێ، ئەویش کاتێکە کە شووڕای ئاسایش ئەوە پەسند بکات کە لە وڵاتێکدا «جینایەت دژی مرۆڤایەتی» ڕووی داوە. واتە دیسانیش پێویستە شووڕای ئاسایش بڕیار بدات.

زۆر لە ڕەخنەگران بوونی مافی ڤێتۆ بۆ پێنج زلهێزی جیهانی لە شووڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە هۆکارێك دەزانن کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەنیسبەتی ڕێکخراوی «کۆمەڵگای نەتەوەکان» کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دامەزرا، سەرکەوتووتر و بەردەوامتر کردووە. بەڵام لە هەمان کاتدا چەند هۆکاری سەرەکی بوونەتە هۆی ئەوەی، ئەو مافی ڤێتۆیانە بکەونە ژێر ڕەخنەی جیددییەوە، کە دوو ڕەخنەی جیددی ئەمانەن: یەکەم، پارسەنگی هێز لە جیهاندا لە پاش ١٩٤٥ و بەتایبەتی دوای ڕووخاندنی بلۆکی کۆمۆنیستی، ئاڵوگۆڕی سەرەکی بەسەردا هاتووە و وڵاتانێك وەك بریزیل و هیندووستان خوازیاری بوون بە ئەندامی هەمیشەیی شووڕای ئاسایشن و دووهەم، بارودۆخی ئابووری و پێوەندییەکان لە جیهاندا ئاڵوگۆڕی زۆر بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە و ئیدی ناکرێ سەروەریی خاك و دەوڵەت لە سەرەوەی سەروەریی خەڵك و مافی مرۆڤ دابنرێ.

پێویستیی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چەند ساڵێکە لە ڕۆژەڤدایە و کۆمەڵە هەوڵێکیش لەم پێناوەدا دراوە. بۆ نموونە، گۆڕینی کومیتەی مافی مرۆڤی ئەم ڕێکخراوە بە شووڕای مافی مرۆڤ لە درێژەی چاکسازییەکاندا بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاڵوگۆڕەکانیش گرێدراوی دەنگی ئەو ئەندامانەن کە بەشێکیان نوێنەرایەتیی خەڵکی وڵاتەکانی خۆیان ناکەن، دیسانیش چاکسازییەکان زۆر بە دژواری دەچنە پێش.

به هەر حاڵ لە نموونەیەك وەك سووریەدا، ئەو بەشە لەو زلهێزانەی کە خوازیاری نەمانی دەوڵەتی بەشار ئەسەدن دەتوانن کارێك بکەن کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناو پێشگرتن بەو کۆمەڵکوژییەی هەنووکە لە خەڵکی ئەو وڵاتە دەکرێ، هەڵوێستێکی جیددی و کردەکی بگرێ، ئەویش بە هەمان مێتۆدی هەمیشەیی کە ئیمتیازدانە بە وڵاتەکانی چین و ڕووسیە تا واز لە پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی ئەسەد بێنن.



# تراژیدیای برسیەتی لە جیهاندا

■ ڕەحمان ئەمیری

٢٦ی ڕەزبەر، ڕۆژی جیهانی خەبات دژی برسیەتی لە جیهاندا لە کاتێکدا یاد و باسی لێوە دەکرێت کە بە گوێرەی ئامارە فەرمیەکان پتر لە یەك میلیار لە کۆی دانیشتووانی گۆی زەوی لەژێر هێڵی هەژاری و برسیەتی دان، بە جۆرێك ڕێژەی مردنی خەڵکانی برسی لە ڕێژەی مردن بە هۆی نەخۆشیەکانی ئایدز و مالاریا و سل زیاترە. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین لەهەر حەوت کەس لە جیهاندا یەك کەس برسیە کە ئەمە لە ناوە منالاندا لەوەش بەربڵاوترە، واتە لەهەر چوار منداڵ منالێك بە دەست برسییەتیەوە دەناڵێنێت. ئەگەر بە کورتی سەیری ئەو وڵاتانە بکەین کە لەگەڵ برسیەتی و هەژاری بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوروون، دەتوانین بڵێین ٦٥ لە سەدی خەڵکانی برسی لە ٧ وڵاتی جیهان وەك هێند، چین، کۆماری دێموکراتیکی کۆنگۆ، بەنگلادش، ئەندونەزی و پاکستان دەژین. ئەوەی لێرەدا جیگای سەرنجە، ٦٠ لە سەدی خەڵکانی برسی ژنان پێکی دەهێنن کە هۆکارەکەشی بۆ شەڕی نێوان وڵاتان یان شەڕی ناوخۆیی و کارەساتە سرووشتیەکان دەگەڕێتەوە. دیارە کاتێك باسی برسیەتی و هەژاری دەکرێت، ناوی ئێرانیش لەم پێوەندیەدا لە قەڵەم ناکەوێت، وڵاتی ئێران سەرەڕای بوونی ژێرخانێکی مەزن و دەوڵەمەندی سرووشتی و هەروەها چەندین جۆر کەش و هەوا لە شوێنە جیاجیاکانی، بۆ کاری کشت و کاڵ و بە گشتی لەبار بوونی کەش و هەوا بۆ هەموو چەشنە بەروبوومێك، بەڵام دەبینین کە بە هۆی سیاسەتی هەڵە و ناشارەزایانەی کاربەدەستانی وڵات بە گوێرەی ئاماری فەرمی دەوڵەت، ٥ لە سەدی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئێمە شاهیدی ئاڵوزتر بوونی باری ئابووری و خراپتر بوونی بژێوی ژیانی خەڵکین. لەگەڵ ئەویکە هەموو ئامارە فەرمیەکان باس لە بارودۆخی بژێوی خەڵك دەکەن و بەرزبوونەوەی ڕێژەی برسیەتی وبێکاری شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کەچی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سەرووی هەموویانەوە خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم و ئەحمەدینژاد سەرۆك کۆماری ڕێژیم بەرووهەڵماڵاوییەوە باس لەوە دەکەن کە خەڵك لە ڕەوشێکی زۆر ئاساییدان و کەس بەدەست برسییەتیەوە ناناڵێنێت و هەموو ئەو تەحریم و گەمارۆ ئابووریانەش هیچ کاریگەریەکی لەسەر ڕەوتی ئاسایی خەڵکی دانەناوە. تەنانەت خامنەیی لە دوایین ئاخاوتنەکەیدا باس لەوە دەکا کە خەڵکی ئێران خەڵکێکی «با نشاط»ن و گوێ بەو گەمارۆ و گوشارە دەرەکیانە نادەن.



# ڕۆشنبیریی کوردی و سازدانی گ

ڕەهبەر مەحموودزادە




١ـ زاراوەی «غیابی گوتار» یەکەم جار لە چوارچێوەی پەیڤی فیمینیستەکاندا، بە شێوەیەکی تیۆریك، خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەڵام ئەو چەمکە بەربڵاوە کە ئەم زاراوەیە دەیگرێتە خۆی، هەر لەسنووری پەیڤی فیمینیسمدا نامێنێتەوە و بە شێوەیەکی مەنتیقی، پەلهاوێژی دەکا بۆ هەموو ئەو هەرێمە فیکرییانەی تێیاندا، «گوتاری تایبەت بە کەمایەتییەکان»، مەوزووعییەتی هەیە.

فیمینیستە لیبراڵەکان، لەسەر ئەم بڕوایەن پێکهێنانی دەرفەت و دەرەتانی وەك یەك بۆ ژنان ـ لە چاو پیاوان ـ لە زەمینەکانی پیشەیی و ئابووری و سیاسیدا، مافی یەکسان بە شێوەیەکی یەکجارەکی بۆ ژنان دابین دەکا و ستەمی مێژوویی، لەسەر ئەم بەشە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، دەسترێتەوە.

بەڵام فیمینیستەکانی ڕادیکاڵ، ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە و لەسەر ئەم بڕوایەن کە تا ئەو کاتەی گوتاری پیاوسالارانە، بەئاشکرا و نائاشکرا، کار دەکاتە سەر زمان و زەینییەت و بۆچوونەکانی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمیی ناو کۆمەڵی مرۆڤایەتی، دابین کردنی دەرەتانی یەکسان بۆ ژنان، هەرگیز ناگا بە ئەنجامی وەدیهاتنی مافی خوازراو و دوایی ئەوان، بەڵکوو دەسپێکی بزووتنەوەی ژنان دەبێ بیرازکردنی زەمینەی پێکهێنانی گوتارێکی غەیری پیاوسالارانە و بڵاوکردنەوەی ئەم گوتارە لە کۆمەڵگادا بێ. بەم پێیە باڵی ڕادیکاڵی فیمینیستەکان، داواکاریی ژێرسازیی بزووتنەوەی ژنان، بە بزاڤێکی ڕۆشنبیریی خاوەن گوتار دەکەن و چالاکی حقوقی و سیاسی ڕووت بەجووڵانەوەیەکی وەڵامدەر نازانن.

بە پێی بەروبووەکانی ئەم باسە، لەگەڕیانی بەرەوڕووبوونەوەی پەراوێزی بەهێند نەگیراو و ناوەندی خۆ بەزلزان لە جڤاتەکانی سەردەمی مۆدێرندا، ئەو کەرەستەیەی کۆمەڵگای بۆکەنار ڕادراو دەبێ پێی تەیار بێ ـ لەبناغەیی‌ترین ئاستی ئەم پڕۆژەی بەرەوڕووبوونەوەیەدا ـ چەك و چۆڵ و شتومەکی تری مادی نییە، بەڵکوو گوتارێکی هەمە لایەنە کە کۆمەڵی پەراوێز بتوانێ تەواوی ڕوخساربەندییەکانی زانایی خۆی تێدا بەڕێوەببا و، بەرە بەرە بپەڕژێتە سەر بەدەستەوەدانی مۆدێلێك بۆ نەخشکێش کردنی هێڵەکانی ـ بگۆڕ یان نەگۆڕی ـ شوناسی تایبەتی خۆی.

وەك دیارە ناوکی ئەم باسە، مەسەلەی گوتارە، بەڵام خودی ئەم مەسەلەیە لە چ باسێکی تیۆرێکدا شەقڵ دەگرێ و ڕایەڵکەی پێوەندییەکانی ئەم باسە، کامە دەستە لە چەمکە بناغەییەکان دەگرێتە خۆی؟ بەکورتی «گوتار» چۆن پێناسە دەکەین و هێڵی پێوەندییەکانی لەگەڵ مەبەستەکانی تر چۆن وێنا دەکەین؟

گوتار (discourse) لە تەعبیرە جوداوازەکاندا، پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە. بەبڕوای ئێمیل بنوەنیست (١٩٠٣-١٩٧٦) گوتار، بەشێکی زمانە کە پێوەندی بەقسەبێژ و شوناسەکەی (identity) و هەڵکەوتی کاتی و شوێنی ئەو هەیە. لەم بۆچوونەدا گوتار بریتییە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و شوناس‌سازی زمان.

لە پەیڤی میشێل فۆکۆدا (١٩٢٦-١٩٨٤) مانای گوتار، بەچەمکی «ئەپیستمە»وە دەبەسترێتەوە. ئەپیستمە یان ڕوخساربەندیی زانین، چەشنێك زانست نییە، بەڵکوو ئەو کۆمەڵە پێوەندییەیە کە لە سەردەمێکی تایبەتدا، لە نێوان زانستەکان و لە ئاستی یاساکانی گوتاری‌دا هەیە.

گوتار، چ بە مانا شوناس‌سازەکەی و چ بەمانا دەسەڵات‌سازەکەی، ئەو پانتا زمانییەیە کە بەجێیە دەنگی ئاشکرا بوون و دۆزرانەوەی یاسا شاردراوەکانی، یەکەوڕێ گوێی کەمایەتییەکان بزرنگێنێتەوە.

ئەگەر کەمایەتییەکان، تووشی پەتای «غیابی گوتار» بوونە، لەولاوە دەبینین کۆمەڵگاکانی زۆرینە خاوەنی سامانێکی فیکری و زمانین کە دەکرێ بە «داپەستراوی گوتار» ناوی ببەین. بەم شێوەیە دەبینین دیالۆگی نێوان زۆرایەتی و کەمایەتی یان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات کە هەمان دیالۆگی نێوان کۆمەڵگای خاوەن گوتار و کۆمەڵی بێبەری لە گوتارە، لە ڕاستیدا، بریتییە لە تاکبێژیی خاوەن گوتار و دووپات کردنەوەی بەستەزمانانەی هەمان تاکبێژی لە لایەن کۆمەڵی بێبەری لە گوتار و وەرگرتنی شوناسی بێگانە و توانەوە لە ناو دەسەڵاتی ئەودا. کەواتە تەنیا ئەو دوو لایەنە دەتوانن پێکەوە دیالۆگ ساز بکەن کە هەردووکیان لە باری داپەستراوی گوتارەوە خاوەنی سامانێکی کەم و زۆر وەك یەك بن. گوتار سازی گەرچی نابێ وەکو پڕۆژەیەك چاوی لێ بکرێ کە هەموو بەشەکانی بە موهەندیسییەکی تایبەتی وەك موهەندیسی کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی بەڕێوە دەچێ، بەڵام بەم حاڵەشەوە ناتوانێ پێوەندی بەویست و خواست و ڕادەی وشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵەوە نەبێ.

٢ـ با لە ئاقاری چەمکی گوتارەوە، قەڵەمبازێك بدەین بۆ دەڤەری باسی «شوناس». چۆنیەتی شەقڵ گرتنی شوناس، هۆکارەکانی مێژوویی و فەرهەنگی و سیاسی ئەم پڕۆسەیە و قەیرانی شوناس و گۆڕان و دینامیك بوونی پارامێترەکانی شوناس، لە ئاراستە جوداجوداکاندا، بەشێوەی جوداوازەوە خراونەتە بەر سەرنج و تیۆریان بو دارێژراوە. ئاخۆ ئەم بابەتە چۆن دەبەسترێتەوە بەمەسەلەکانی ئەدەب و ڕەخنە و نووسین و وەرگێڕان؟

د. عەبدولکەریمی سرووش، ڕۆشنبیری بەناوبانگی ئێرانی بۆ نیشاندانی پێوەندی پتەوی نێوان شوناس و زەینییەت، ئەم تیۆرییە دەردەبڕێ:

« زەینییەتی ئاڵۆز، دەبێتە هۆی شەقڵ گرتنی هۆویەتی ئاڵۆز و بە پێچەوانە، شوناسی هەراو و پتەو و ڕێكوپێك، بەرهەم هاتووی زەینییەتێکی ڕێكوپێك و نیزام ـ دارە»[١]

ئەگەر ئەو زاراوانەی لە ئاخاوتن یان لە نووسیندا بەکاریان دەهێنین، بخەینە بەر سەرنج، دەبینین بە دوو دەستە دابەش دەبن، واتە تێرمەکانی بەرهەست و تێرمەکانی تیۆریك. وشەکانی دەشت و کێو و سارد و گەرم، دەلالەت بۆ شتی بەرهەست دەکەن. بەڵام تێرمەکانی ئەتۆم، ئەلکترۆن، دیاردەناسی، پێکهاتەخوازی و... بەتیۆری و زەمینەی زانستی تایبەت بەخۆیانەوە پێناسە دەکرێن.[٢]

بەم پێیە، تەواوی ئەو تێرمە تیۆریکانەی بەهۆی وەرگێڕانەوە، لە فەرهەنگ و فەلسەفەیەکی تایبەتەوە، دەگوێزرێنەوە بۆ ناو فەرهەنگێکی تر، ئەگەر وێڕای تیۆری و پێناسە بەربڵاوەکانی خۆیانەوە، نەگوێزرێنەوە، ئاڵۆزییەکی زۆر لە زەینییەتی گشتی و بەکۆمەڵی کەلتووری وەرگێڕدا ساز دەکەن و هەر لە ئاکامی ئەم زەینییەتە ئاڵۆزەشەوە، زەبرێکی گورچکبڕ لە شوناسی تایبەتی پێوەندیدار بەو فەرهەنگە دەوەشێنن و بە ئاشکرا تووشی قەیرانی دەکەن و ئەگەریش لەمەوپێش ئەو قەیرانە هەبووە، بەشێوەیەکی چەند قات، پەرەی پێ دەدەن.

دیارە چەمکە قووڵەکانی فەلسەفی لە زاتی خۆیاندا، تەمومژاوین، کە بەشێوەیەکی ناپسپۆڕانەش وەردەگێڕدرێن، یان قسەیان لێ دەکرێ، بەجارێك سەقەت دەبن و کەڵکی فیکرییان پێوە نامێنێ و ئەم ڕەوتەش دەگا بە ئەنجامی لە نێوچوونی هاوسەنگی و ڕاوەستاویی لە پانتای فەرهەنگ و شوناسدا.

ڕۆشنبیری و بیری کورد بە گشتی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، لەم لایەنەوە هەم خزمەتی پێکراوە و هەم سیمای داڕووشاوە و تووشی ئازار و ئاڵۆزی بووە. ئاخۆ خاڵە بە هێز و لاوازەکانی ڕۆشنبیری کوردی، بەگشتی لە پانتای گوتارسازی‌دا، چی بوونە و چۆن ڕسکاون؟

٣ـ یاکوبسن، لە دەستەبەندی کردنی شێوەکانی وەرگێڕاندا، سێ جۆری وەرگێڕان لێك هەڵدەهاوێژێ:

ئـ وەرگێڕانی ناو زمانی، واتە ڕاڤەی سیستمێکی زمانی بەکۆمەڵە نیشانەیەکی تری سەر بە هەمان زمان. دەتوانین بۆ خۆمان بۆ ئەو چەشنە وەرگێڕانە، نموونەی گۆڕینی دەقی کۆن «مەسحەفا ڕەش» بۆ سەر زمانی کوردی ئەورۆ بهێنینەوە.

ب. وەرگێڕانی نێوان زمانی، یان ئەوەی بەگشتی نێوی وەرگێڕانی لەسەر دادەندرێ. واتە گۆڕینی نیشانەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.

پ. وەرگێڕانی نێوان نیشانەیی، واتە ڕاڤەی سیستمێکی زمانی بە سیستمێکی تری نیشانەیی وەکوو دروستکردنی فیلمی سینەمایی لە شوێنەوارێکی ئەدەبی.[٣]

دەستەبەندی کردنەکەی یاکوبسن لێرەدا کۆتایی پێ دێ. بەڵام ئێمە دەتوانین هەر لەسەر بناغەی کاری ئەو بە هێنانەگۆڕی باسی «جوداوازی گوتارەکان» پەرە بەم پۆلێنکردنە بدەین و ئاماژە بە چەشنە وەرگێڕانێك بکەین کە دەکرێ بە وەرگێڕانی «نێوان گوتاری» ناودێر بکرێ، واتە ڕاڤەی ئەو تێڕوانین و تیۆرییانەی لە ناو چوارچێوەیەکی زمانی تایبەتدا شەقڵیان گرتووە، بەشێوەی گواستنەوەیان لە گوتارێکی خاوەن کۆ ـ ڕێسای تایبەتی خۆیەوە بۆ گوتارێکی دووهەم یان ناوین بەکۆ ـ ڕێسایەکی جوداوازەوە.

دیاریکردنی چەند هەرێمێکی زمانی وەکو پانتای گوتاری ناوین، مەرجێکی پێویستی بڵاوبوونەوەی کاڵاکانی فیکری و ڕۆشنبیری لە ناو خەڵکدان. دەتوانین لەم بارەوە، بەراوردێك لە نێوان لقەکانی جوداوازی چالاکی بەشەری بکەین:

لە ڕوانگەی سیاسەتەوە، چینی ناونجی ناو کۆمەڵ، وەکوو هۆی سەرەکی گواستنەوەی دەسەڵات لە حکوومەتی پاوانخواز، بۆ حکوومەتی دێموکرات چاوی لێ دەکرێ، واتە هەتا چینی نێونجی لە باری حەشیمەتەوە بەشێوەیەکی دڵخواز هەڵی نەدابێ، زەمینەیەکی لەبار بۆ سەقامگیر بوونی دێموکراسی پێك نایە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، وەچەکانی نێونجی ڕەهەندی گواستنەوەی فەرهەنگ لە وەچەکانی بەساڵداچوو، بۆ وەچەکانی لاوترن. هەر بەم پێیە لە بواری ئەندێشە و ڕۆشنبیرییەوە، بڵاوبوونەوەی گوتارەکانی ناوین، دەتوانن بەرە بەرە چەمکی نوێ و بۆچوونی مۆدێرن لە ناو پانتا فیکرییەکان بتەننەوە و ببنە هۆی تۆێکڵ دەرکردن و تازە بوونەوەی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیری.

لێرەدا با ئەو باسە بێنینە گۆڕێ کە بەرهەمەکانی ڕۆشنبیری چۆن جێگای خۆیان لە ناو خەڵکدا دەکەنەوە و شوێنی پێویست دادەنێن؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەکرێ سێ قۆناغی بەرهەمهێنان و بڵاوکرنەوە و دەکار کردن بۆ باسەکانی تیۆریك دەستنیشان بکەین.

کاڵاکانی فیکری و ڕۆشنبیری لە ئاستی یەکەمدا لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە و لەناو چوارچێوەیەکی گوتاریی هەڵبڕاو لە گوتاری خەڵکی ڕەشۆکیدا بەرهەم دێن. دیارە لۆژیکی تایبەتی باس وخواسەکانی فیکری و فەلسەفی داوای ئەم چەشنە گوتارە دەکا. لەم ناوەدا خوێندەوارانی باڵا کە لە باری ژمارەوە، چەند قاتی ئەو ڕۆشنبیرانەن کەداهێنانی تیۆریك دەکەن، بەڵام زۆر کەمتر لەو خەڵکەن کە کاڵا فیکرییەکان دەکار دەکەن، لە ئاستی دووهەمدا بە شێوەیەکی ڕێك وپێك باسەکانی تیۆری لە گوتارێکی قورسەوە، وەردەگێڕن بۆ گوتارێکی ناوین و دەیگەیێنن بۆ ئاستی سێهەم و لەبەر دەستی دەکارکەرانی ئەم کاڵا فیکرییانە، واتە زۆرینەی خەڵکی دەنێن.

ڕۆشنبیری کوردی، لەو جێگایانەدا، کە لە ئاستی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی فیکری و لە کاری وەرگێڕانی نێوان گوتاری‌دا سەرکەوتووە، توانیویەتی کارکردی ئیجابی و شوێن‌دانەرانەی خۆی هەبێ و لەو جێگایانەشدا کە لە کاری وێناکردنی چوارچێوەی گوتارەکانی ناوین و کارکردن لە ناو ئەم چوارچێوەیەدا بێ‌دەسەڵات بووە، بۆتە هۆی شێواندنی زەینییەتی خۆی و خەڵکی و تەریك خستنەوەی بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکان و هەر بەم هۆیەشەوە ڕەنج بەخەسار بووە. بێگومان ئێمە لە پانتای بیری کوردی‌دا، هەردووك نموونەمان پێ شك دێ.

کارل پۆپێر (١٩٠٣-١٩٩٤)، بابەتی هەڵسووڕان لە دەرەوەی گوتارە دژوارەکان دەبەستێتەوە بە باسی کۆمەڵگای کراوە و دێموکراسی. پۆپێر لەم بارەوە دەڵێ:

بەبڕوای من ئەوە یەکێك لە گەورەترین و خێراترین بەرپرسایەتییەکانی زانایانە و ڕەنگە تەنانەت لە هەمووشیان گەورەتر بێ چونکە ئەم ئەرکە «واتە نووسین و پەیڤین بەزمانی ناتێکچندراو» پێوەندی بە مانەوەی کۆمەڵگای کراوە و دێموکراسییەوە هەیە. ئەگەر زانست ببێتە پاوانی کۆمەڵێکی داخراو لە پسپۆڕان، کۆمەڵگای کراوە، «واتە کۆمەڵگایەك نەك هەر بۆ تەحەممولی بۆچوونەکانی جودابیرانە، بەڵکوو بۆ ڕێزلێنانیشیان» و دێموکراسی «واتە شێوەیەکی حکوومەت کە تەرخان کرابێ بۆ پاراستن و چاوەدێری لە کۆمەڵگای کراوە» ناتوانێ ڕەگاژۆ بکا و پێ بگا[٤]

٤ـ هەروەك چۆن دژوار نووسین دەبێ سنووری بۆ دابنرێ، سادەنووسینیش خاوەنی سنووری تایبەتی خۆیەتی. بۆچی ئێمە ناتوانین شێوەی سادە نووسین بۆ قەوارەدان بە هەموو جۆرە باس و بابەتێك بەکاربێنین؟

با گەڵاڵەی وڵامەکەمان، لەو ڕستەوە دەست پێبکەین: (پێداویستی تێك هەڵچوون لەگەڵ تێگەیشتنی باو، بەکێشەهاتن لەگەڵ گوتار و زمانی تێگەیشتنی باوە)

نیزامی دەلالەتی و چوارچێوەیەکی گوتاریی دەستنیشان کراو، هەر بۆی هەیە نیزامی فیکری تایبەت بەخۆی دابهێنێ. سیستمی ئەندێشەیی نوێژەن، دامەزراو لەسەر گوتارێکی نوێژەنە. هۆی ئەم پێوەندییە ئەوەیە کە زمان هەرگیز لەباری ئایدۆلۆژیکەوە، بێ لایەن نییە. واتە ئایدۆلۆژییەکانی جوداواز، بەنهێنی بەڵام بە قووڵی، نەخش و نیگاری تایبەت بە خۆیان لە ناو پێکهاتەی زمانی باوی خۆیان هەڵدەکەنن و ئاخێوەران بە دەکارکردنی ئەم زمانە زەینییەتیان بە پێی ئەو ئایدۆلۆژییەی لە ناو زمانیاندا هەڵکەندراوە، شەقڵ دەگرێ. یەکێتی سێ کوچکەی زمان ـ ئایدۆلۆژی ـ زەینییەت، دەبێتە هۆی سروشتی و بەڵگە نەویست نواندنی ئەو تێڕوانینە دەستکردانە کە لە نیزامێکی دەلالەتی جوداوازدا، بە شێوەیەکی بەڵگە نەویست، چاویان لێ ناکرێ. کەواتە ناکرێ بەهۆی گوتاری تایبەت بە تێڕوانینێکەوە، گریمانەکانی تایبەت بەهەمان ئەو تێڕوانینە ڕەت بکەینەوە. (کاترین بلزێی)، نووسەری کتێبی (عمل نقد) (critical practice) لەم بارەوە دەڵێ:

نووسراوەی نووسەرانی پاش ـ سۆسۆری وەکو لوویی ئالتووسێر، ڕۆلان بارت، ژاك دریدا و ژاك لاکان، گەرچی لە زۆر بارەوە، جوداوازییان هەیە، بەڵام لە باری دژواربوونەوە، وەکوو یەکن و ئەو دژوار بوونەش هەر بەتەنیا بەهۆی تامەزرۆییەکی نەخۆشئاسا بۆ تەومژ و تاریکایی نییە. بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گریمانە و بایەخەکانی باو، ناکرێ بەهۆی گوتارێکەوە بەڕێوەبچێ کە لەبەر سادە بوون، دووبارە هەمان ئەو گریمانە و بایەخانە بەرهەم دەهێنێتەوە[٥].

کەچی ئەو نووسەرە، سەرەڕای ئەو بۆچوونە، دەڵێ من خۆم هەوڵی ئەوە دەدەم تا ئەو جێگایەی مەنتیقی گوتاری نووسەرانی پاش ـ سۆسۆری هەڵدەگرێ و سیمای داناڕووشێ، تێڕوانینەکانیان،



بێ دوان...

# گوتاری ناوین

سادە بکەمەوە. کەواتە وەکوو ئەنجامگیرییەك دەتوانین زۆر ڕوون و بێ گرێ و گۆڵ، چوارچێوەکانی گوتاری ناوین دیاری بکەین:

گوتاری ناوین، ئەو گوتارەیە لە دوو لایەنەوە سنووری بۆ داندراوە واتە سنووری دژوار نووسین، تێنەپەڕاندن لە چوارچێوەکانی وەرگێڕانی نێوان گوتارییە و سنووری سادە نووسین، خۆ پاراستن لە کەوتنە ناو چوارچێوەیەکە کە بۆی نییە گوتارێکی مۆدێرنی لێ بەرهەم بێ.

٥. جوداوازی دانان لە نێوان دوو چەمکی «کارکردن لە ناو» گوتارێکی تایبەت و «کارکردن بەهۆی» گوتارێکی تایبەت، دەمانگەیێنێ بە ئەنجامێکی بەکەڵکیتر و دەرگای باسێکی پێویستی ترمان بۆ دەخاتە سەرپشت.

کارکردن لە ناو پەیڤێکی تایبەت، ناتوانێ لە ئاکامی بەرهەم هێنانەوەی گریمانە و بایەخە باوەکانی ئەو گوتارە بترازێ. بەڵام کارکردن بە هۆی پەیڤێکەوە، بەمانای هەڵهێنجان و کەڵك وەرگرتن لە زەرفییەتەکانی زمانیی گوتارێکی تایبەتە، بێ ئەوەی خۆمان بخەینە ناو قەفەسی بیر و بۆچوونەکانییەوە.

بۆ نموونە ئەو پەیڤەی حەسەنی قزڵجی تێیدا نووسیوە، سیستمێکی دەلالەتییە کە بۆ تێڕوانینێکی «مارکسیستی و ڕادیکاڵ و نەتەوەخوازانەی سەدەی بیستەمی مرۆڤی کورد» ساز دراوە. ئەگەر نوسەرێك بە تێڕوانینێکی «کوردی و لیبراڵی و غەیری ئایدۆلۆژیکی سەدەی بیست و یەکەمی» بیهەوێ تەواو لە ناو گوتاری قزڵجیدا هەڵسووڕێ، ناتوانێ بەتەواوی پابەندی بۆچوونەکانی خۆی بێ. بەڵام هەمان ئەو نووسەرە، بۆ سازدانی هەرێمێکی زمانی لەبار بۆ گوتاری خۆی، دەتوانێ کەڵك لە زەرفییەتەکانی گوتاریی، زمانی قزڵجی وەرگرێ.

کەواتە دەکرێ دوو جۆرە هەڵوێستی ناو ـ گوتاری (درون گفتمانی) و دەرە ـ گوتاری (برون گفتمانی) لێك هەڵاوێرین. هەڵبەت لە هەڵوێستی جۆری دووهەمیشدا، وانییە خاوەنەکەی لە دەرەوەی هەر چەشنە گوتارێك، سیستمی ڕوانینی خۆی بەرهەم بهێنێ. دابەشکردنی ئەو هەڵوێستانە، دابەشکردنێکی ڕێژەییە. واتە ئەو کەسەی لە بەرانبەر گوتارێکدا خاوەنی هەڵوێستێکی دەرەگوتارییە، سەبارەت بە پەیڤێکی تر، بێگومان هەڵوێستێکی ناوگوتاری هەیە. فۆکۆ و دریدا، هەر کامە بە شێوەی خۆیان، ڕەخنە لە گوتاری گشتی مۆدێرنیتە دەگرن، بەڵام لە ئاکامدا گوتارێکی فۆکۆیی یان دریدایی بەرهەم دەهێنن و تێیدا هەڵدەسووڕێن.

مەبەستی من لە هێنانە بەرباسی ئەو بابەتە، ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی سازدانی کارلێك کردن و پێوەندی ئیجابی نوسەرانی مۆدێرنی کورد لەگەڵ بیرمەندانی هەڵکەوتەی نەریتخوازە. نووسەری ئەمرۆی کورد ـ لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن ـ ناتوانێ هەڵوێستێکی ناو ـ گوتاری لە بەرانبەر پەیڤی کارپێکراوی کەسانێکی وەکو هەژار و هێمن و قزڵجی ڕەچاو بکا. بەڵام ئەگەر نەتوانێ بەرەچاوکردنی هەڵوێستێکی دەرە ـ گوتاری، زیرەکانە بەسەر سامانی زمانی نووسەرانێك وەك ئەو ناوانەی گۆرین یان کەسانێکی وەك مەسعوود محەممەد و شوکر مستەفادا زاڵ بێ، بێگومان لە کاری پێکهێنانی گوتارێکی ناوین و لە دامەزراندنی سیستمێکی بیریی بۆ مرۆڤی کوردی ئەورۆ سەرناکەوێ. هەربۆیە ئەوەندەی پێویستە نووسەرانی لاوی ئێمە، بۆچوونەکانی بارت و باختین و هایدگێر و گادامێر و ... بخوێننەوە و دووبارەیان بکەنەوە و فێریان بن و دەکاریان بکەن، ئەوەندەش پێویستە خۆیان بەخوێندنەوە و دەکارکردنی بەلێشاوی ئەو نووسراوانە ڕابهێنن کە سامانە زمانی و گوتارییەکانی کوردییان تێدا پەستراوەتەوە.

٦. با جارێکی تر، سەر لە بەری وتارەکەمان بەسەر کەینەوە. باسەکەمان لە مەسەلەی «غیابی گوتار»ەوە دەستی پێکرد، غیابی گوتار، ئەو بارودۆخەیە کە بیرمەندی کورد لەوێوە دەستی پێکردووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئێستا لەو دۆخەی تێپەڕاندووە. تەنانەت دەکرێ بڵێین ئەو دەست پێکردنە، لە لایەن نووسەرانی سوننەتی کوردەوە بەرێوە چووە.

بەراوردکردنێکی ئەو زمانە کوردییەی فیکر و فەلسەفەی نوێی پێ دەنووسرێ لەگەڵ زمانی شێعری و ڕۆمانتیکی نیو سەدە لەمەوبەر، بۆچوونی تێپەڕاندن لە دۆخی گۆڕین، پشت ئەستور دەکا.

گوتاری ڕۆشنبیری کوردی دەبێ کۆمەڵەی پەیڤە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفی و کۆمەڵناسی و سیاسی و ڕەخنەیی و ئیدی بگرێتەوە و لە هەر کام لەم زەمینانەدا، پسپۆران ئەو گوتارە دەوڵەمەند کەن.

بەڵام هەڵسووڕان لە پانتای گوتاردا، مەترسییەکانی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەگەر ئەو چالاکییە بەڕێك وپێکی و بە پێی بەرنامە و تیۆری بەڕێوە نەچێ، تەنانەت زیانەکانی تا ئەو جێگایە پەرەدەستێنێ کە شوناسی نەتەوەیی تووشی ئاڵۆزی بکا. بۆ بەرگری کردن لەو خەسارە، تیۆرییەك پێشنیار کراوە کە ئەو هیوایەی بۆ دەکرێ بمانگەیەنێ بەهەرێمە بێ زەڕەکانی چالاکی زمانی.

ناوئاخنی ئەو تیۆرییە، بریتییە لە پێناسەکردنی هەرێمێکی گوتاری بەربەند کراو بەدوو سنووری تایبەت و، دەوڵەمەندکراو بەهەڵوێستێك. سنووری سەرووی ئەودەڤەرە بە پێی تیۆری وەرگێڕانی نێوان گوتاری و سنووری خوارووی بە پێی بۆچوونی بارگاوی بوونی پەیڤە جوداوازەکان لە ڕووی ئایدۆلۆژیکەوە، وێنا کراون. لە نێوان ئەو دوو سنوورەدا، مەودایەکی ئاسۆیی پێك دێ. بەلام ڕەچاوکردنی هەڵوێستێکی دەرە ـ گوتاری بۆ هەڵێنجانی زەرفییەتی بەکەڵکی زمانی پێش مۆدێرن، حەرەکەتێکی ئەستوونی بۆ قووڵایی سامانی زمانی و فیکری کوردی پێك دەهێنێ.

گرینگی وەرگێڕانی نێوان گوتاری ئەو کاتە دەردەکەوێ کە قەناعەت بەو ڕاستییە بێنین، ئەمرۆ تەنانەت تێفکرینیش سروشتێکی تەرجەمەیی هەیە. چونکە چوارچێوە گشتییەکانی عەقڵانییەتی نوێ، لە لایەن ناوەندەکانی شارستانیەتی جیهانی مۆدێرنەوە دیاری کراون و ئێمە پێمان خۆش بێ یان نا لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە گشتییانەدا خاوەنی سیستمێکی فیکری تایبەتی نین. لە ڕاستیدا عەقڵانییەتی ئەورۆ، هەر بەتەنیا موڵکی ڕۆژئاوا نییە، بەڵکوو موڵکی تەواوی مرۆڤایەتییە.

مرادی فەرهادپوور، لە بارەی کۆمەڵە وتارێکی نووسراوی خۆی ئاوا دەڵێ:

«گیانی زاڵ بەسەر ئەم وتارانە، گیانی وەرگێڕانە... وەرگێڕان نەك هەر هانە و سەرچاوە، بگرە ڕەوشت و ڕێسای نووسینی ئەم وتارانەی پێك هێناوە. من زۆر داکۆکیم لەسەر ئەوە کردووە کە لە دەورەی هاوچەرخدا، وەرگێڕان ـ بە بەربڵاوترین مانای وشەوە ـ تاقە شێوازی ڕاستەقینەی تێفکرینمانە»[٦].

مانای وشەو زاراوەکان:

بیرازکردن: تەخت کردن، زەمینە خۆش کردن

روخساربەندیی زانایی: صورتبندی دانایی ـ اپیستمه

شوناس: هویت

داپەستراویی گوتار: تراکم گفتمان

شەقڵ گرتن: شکل گرفتن

پێکهاتەخوازی: ساختارگرایی

بەرهەم هێنان: تولید

بڵاوکردنەوە: توزیع

دەکار کردن: مصرف

[١] عبدالکریم سروش، اخلاق خدایان، چاپ اول، تهران، طرح نو، ص ١٥٧-١٧٤

[٢] سەرچاوەی پێشوو

[٣] بابك احمدی، ساختار و تاویل متن، چاپ اول، تهران، نشر مرکز، ص ٧٢

[٤] جرمی شیرمر، اندیشه سیاسی کارل پوپر، ترجمه عزت‌الله فولادوند. چاپ اول، تهران، طرح نو، ص١٥

[٥] کاترین بلزی، عمل نقد، ترجمه عباس مخبر، چاپ اول، نشر قصه تهران، ص١٧

[٦] مراد فرهاد پوور، عقل افسرده، چاپ اول، تهران، طرح نو، ص ١٥

# «موو یان» نووسەری چینی
## خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلی وەرگرت

یوونس ڕەزایی



سەرەنجام ئاکادێمیای نۆبێل «موو یان»ی وەک براوەی خەڵاتی نۆبێلی ٢٠١٢ ڕاگەیاند. «موو یان» کە لەمێژ بوو وەک شانسی دووهەمی خەڵاتی ئەدەبی نۆبێل ناوی کەوتبووە سەر زاران، توانی ڕەقیبی ناوبەدەرەوی ژاپۆنیی خۆی، واتە «هارۆکی مۆراکامی» وەدوا دا و خەڵاتی نۆبێل وەرگرێ.

موو یان بە ناوی سەرەکی «گۆئان موویە» پێنجەمی مارسی ساڵی ١٩٥٥ لە ئاوایی «گائۆمی» پارێزگای «شاندۆنگ»ی چین لە دایک بووە. ئان نووسەری ڕۆمان و کورتە چیرۆکە و بە هۆی نووسینی چیرۆکی داهێنەرانە، خەیاڵاوی و پڕ لە وەهم ناوبانگی دەرکردووە. یان هەر لە شوێنەزای خۆی خولی سەرەتایی خوێندنی تەواو کردووە، بەڵام لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا بە هۆی کێشە و ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشی کولتووری چین، بۆ ماوەیەک دەستی لە خوێندن هەڵگرت. یان ساڵەهای ساڵ سەرقاڵی کاری کشت و کاڵ بووە و لە ساڵی ١٩٧٣ەوە لە کارخانەیەک دەستی کردووە بە کار کردن. یان ساڵی ١٩٧٦ چووە ریزەکانی ئەرتەشی ڕزگاری بەخشەوە و لە ساڵی ١٩٨١ەوە دەستی بە چیرۆکنووسی کردووە. پاشان لە مابەین ساڵەکانی ١٩٨٤ تا ١٩٨٦ لە ئاکادێمیای هونەریی ئەرتەشی ڕزگاری دەر، دەستی بە خوێندنی ئەدەبیات کرد و هەر لەو سەروبەندەشدا چیرۆکی «تووری سووری ڕووناک» و «تەقینەوەکان»ی بڵاوکردەوە.

ڕۆمانی مێژوویی ـ ئەویندارنەی «یان» بە ناوی «گەنمەشامی سوور» لە ساڵی ١٩٨٦ دا بڵاو بووەوە و پاشان وێڕای چوار چیرۆکی تر لە ژێر ناوی «بنەماڵەی گەنمەشامی سوور» سەرلەنوێ چاپ کرایەوە. ئەو کتێبە ناوبانگێکی بەرچاوی بۆ یان بە دواوە بوو. بە تایبەت کاتێک «ژانگ یەیموو»، دەرهێنەری بەناوبانگی چینی، لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا وەک فیلمسازێک، بە شوێن وەرگرتن و کارتێکەری ئەو ڕۆمانەی ئەو فیلمێکی ساز کرد، ناوبانگی ئەوەندی دیکە بە وڵاتدا بڵاو بووەوە. «یەیموو» ساڵی ٢٠٠٠ فیلمی «سەردەمی خۆشیی» لە سەر بنەمای ڕۆمانێکی تری یان بە ناوی «شیفۆ» ساز کرد.

«موو یان» لە چیرۆکەکانی دواتریدا ئاراستەی جیاوازی وەک چیرۆکی ئەفسانەیی، چیرۆکی ڕیئالیستی، چیرۆکی تەنز و ئەویندارانەی تاقی کردەوە، بەڵام مۆرکی سەرەکی و هەمیشەیی بەرهەمەکانی «یان» مرۆڤ خوازیی هەست بزوێنی ئەو بەرهەمانەیە.

ڕۆمانی «چامە تێرەکان»!! و کۆی بەرهەمەکانی بە ناوی «کۆی بەرهەمەکانی موو یان» دوا بە دوای یەک و لە ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٥ دا بڵاو بوونەوە. «موو یان» لە مابەین هەموو ئەو بەرهەمانەی لە کتێبی دووهەمیدا بڵاو ببوونەوە «کۆماری شەڕاب»ی لە هەموان لا پەسەندتر بوو، هەڵبەت پێشوازییەکی بەرچاویشی لێکرا. «یان» پاش ئەو بەرهەمە لە ساڵی ١٩٩٥ دا بە بڵاوکردنەوەی کتێبی «Fengru Feitun» کێشەیەکی بەربڵاوی نایەوە و دەوڵەتی کۆمۆنیستی چین کە قەت خۆشی لە نووسین و کەسایەتی «یان» نەهاتبوو بە توندی بەرپەرچی ئەو کتێبەی داوە و لەبەرانبەری دا ڕاوەستا.

تەنانەت ئەرتەشی ڕزگاری دەری خەڵک، داوای لە «موو یان» کرد نامەیەکی سەرئاواڵە و ڕاشکاوانە بە دژی ئەو کتێبە بنووسێ و پێش بە چاپی سەرلەنوێی کتێبەکە بگرێ. سەرەڕای ئەوەش، نوسخەی قاچاخی ئەو کتێبە ڕمینێکی سەیری لە نیو خوێندەوارندا پەیدا کرد و بە پانەوە دەفرۆشرا و پێشوازی لێدەکرا.

یان لە وتارێک دا کە لە زانکۆ ئازادی «هۆنگ کۆنگ» پێشکەشی کرد، سەبارەت بە ناسناوەکەی کە بە مانای « مەدوێ» یە، گوتی»: کاتێک کە یەکەم ڕۆمانی نووسی ئەو ناوەی هەڵبژارد. چون ئەو لە چین بە قسەی بێ پەردە و ڕاشکاوانە ناوبانگی هەبوو. ئەوەش لە چین بۆ کەس جێ بە جێ نەدەبوو، ئەویش ئەو ناوەی هەڵبژارد کە هەمیشە لە بیری بێ زۆری لەسەر نەڕوا.

«موو یان» ساڵی ١٩٩٧ لە ئەرتەشی ڕزگاری دەری خەڵک دابڕا و وەک سەرنووسەری ڕۆژنامە دەستی بە چالاکی کرد. لەو سەردەمەشدا شوێنەزاکەی کە دێیەکی بچووک بوو، بوو بە شوێنی گەڵاڵە بوون و ڕوودانی بەرسەرهاتی چیرۆکەکانی.

یان زۆر جار ڕایگەیاندووە کە بە توندی لە ژێر کاریگەری «ویلیام فاکنێر»ی ئامریکایی و سێ نووسەری ژاپۆنی بە ناوەکانی «میناکامی تێسۆتۆمۆ»، «یۆکیۆ میشیما» و «کێنزابۆرۆ ئۆئێ» دایە. ڕەخنەگرانیش شوێن دانانی ڕیئالیزمی جادوویی بەرهەمەکانی «گابریێل گارسیا مارکێز» لە سەر «یان» بە شتێکی حاشاهەڵنەگر دەزانن.

دوایین بەرهەمەکانی یان بریتین لە شیفۆ(٢٠٠٠)، « ئەشکەنجەی سەندەڵی چیوی» (٢٠٠١) و «ژیان و مەرگ ماندووم دەکەن»(٢٠٠٦). شایانی باسە ئاخرین کتێبی خۆی واتە «ژیان و مەرگ ماندووم دەکەن»ی بە ٤٣ ڕۆژ نووسیوە.

سەرچاوە:

http://www.ibna.ir/vdcjivevmuqeixz.fsfu.html

http://www.bolandanews.ir//culture-and-art/view

# هەڵکشانی خێرای دراو و دابەزینی پارەی ئێران

■ فەرهاد سولەیمانپوور

بەشی یەکەم

بەهای پارەی هەر وڵاتێك تواناکەی نیشان دەدات لە بەرانبەر پارەی وڵاتانی تردا. لە ساڵی ١٩٧٥ەوە تا ساڵی رابردوو نرخی دراو تا بەرادەیەك جێگیر بوو، بەڵام لە ساڵی رابردووەوە بازاڕی دراو لە ئێراندا بە هەڵبەزدابەزەوە هەڵکشاوە و لە دوو مانگی رابردووشەوە لەگەڵ دەسپێکردنی سزاکانی سەر کەرتی نەوت و بانکی ئێران لە لایەن ئەمریکا و ئورووپاوە، بەهای ریاڵ لەبەرانبەر دراوەکانی تردا بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. دابەزینی بەهای ریاڵ یەکێکە لە نیشانەکانی هەرەسهێنانی ئابووریی ئێران لە ماوەی ئەم سی ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا. لە ساڵی ١٣٥٠ تا ١٣٥٦ نرخی راستەقینەی دراو کەم بوو، کە بە واتای بەتوانابوونی راستەقینەی پارە دەژمێردرا و ئەمەش ببوو بەهۆی دابەزینی ئاستی رکابەریەتی لە ئابووریدا. لە ١٣٥٧ تا ١٣٦٤ بەهای راستەقینەی دراو بەرز بوو و لە ساڵی ١٣٦٤ تا ١٣٧٨ لە ئاستێکی دیاریکراودا جووڵەی کردووە و لە ساڵی ١٣٧٨ تا ساڵی رابردووش بە هۆی زۆربوونی داهاتی نەوت، نرخی راستەقینەی دراو لە ئاستێکی کەمدا بوو، بە واتایەکی تر بەهای راستەقینەی پارە بەرز بوو کە ئەمەش وای کردبوو ئاستی ڕکابەریەتی بەرهەمهێنەران لاواز بێت.

بەگشتی بەهای دۆلار لە حەوت تمەنەوە لە ساڵی ١٣٥٧ گەیشتووەتە ٣٥٠٠ تمەن و نزیکەی ٣٥,٧ هێندە بەرز بووەتەوە. لەماوەی یەك ساڵ و نیوی رابردوودا لە ١٠٤٥ تمەنەوە گەیشتووەتە ٣٥٠٠ تمەن. ئەگەر لە دانیشتنەکانی ئێران و ئەمریکا و ئەورووپا لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ناوکییەکەی ئێران گەشبینییەك بەدی کرابێ ئەوا نرخی دراو دابەزیوە و ئەگەر دانیشتنەکان ئاسۆیەکیان نەبووبێ ئەوا نرخەکە بەرەو هەڵکشان رۆشتووە، وەك ئەوەی ئێستا کە دەبینین زیاتر لە ٣٠٠٠ تمەنە بۆ هەر دۆلارێك و چاوەڕێش دەکرێ نرخەکە زیاتر بەرز ببێتەوە.

بەشێوەیەکی بنەڕەتی دابەزینی بەهای راستەقینەی دراو یا بەهێزبوونی راستەقینەی پارە کێشەیەکە لە ئابووریی ئێراندا هەیە و یەکێکە لە نیشانەکانی نەخۆشی هۆڵەندی. بەهێزبوونی راستەقینەی پارە دەبێتە هۆی دابەزینی گەشە و رکەبەری لە ئابووریدا. بانکی ناوەندیی ئێران بۆ پێشگرتن لە دابەزینی بەهای راستەقینەی دراو و بەهێزکردنی راستەقینەی پارە، بەشێکی دراوەکەی کە لە ریگای نەوتەوە وەچنگی کەوتووە، وەك یەدەك هەڵی دەگرێ و لە کاتی کەمبوونەوەی نەوت و نرخی نەوتدا بۆ پێشگرتن لە بەرزبوونەوەی رواڵەتی بەهای دراو لەم یەدەکانە کەڵك وەردەگرێ. بەڵام سیاسەتی پارە نەخۆشی هۆڵەندی چارەسەر نەکردووە و پێشی نەگرتووە لە کەمبوونەوەی بەهای راستەقینەی دراو (بەهێزبوونی راستەقینەی پارە)، چوونکە بەهۆی کڕینی دراو لە لایەن بانکی ناوەندییەوە، پوختەی داراییە دەرەکییەکانی بانکی ناوەندی زیاد دەکا و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بنەمای پارە و نەغدینەیی، کە ئەمەش هەڵاوسانی لە ئاستی ناوخۆییدا لێدەکەوێتەوە و لە ئەنجامدا بەهای راستەقینەی دراو دوای وەستانێك دادەبەزێ و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی راستەقینەی پارە.

لە ٢٠١١ەوە تا ئێستا نرخی دراوگۆڕینەوە تووشی هەڵبەزدابەزێکی بەرچاو هاتووە و گەیشتووەتە زیاتر لە ٣٠٠٠ تمەن. لەم پیوەندییەدا بانکی ناوەندیی ئێران رایگەیاند: رێژەی بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار لە ساڵی ١٣٨١ەوە تا ١٣٨٩ نزیکەی ٢٥٪ بوو و لە ماوەی ساڵی ١٣٩٠یشدا بەرز بووەتەوە بۆ ٨٠٪.

٢

دراو: بریتییە لە پارەی بیانی و ئاوەڵناوی «بیانی» کە بە دوای دراودا دێ، هەڵەیە و هەر دراو بە تەنیا مەبەستەکە دەگەیەنێت.

بازاری گۆڕینەوەی دراو: ئەو بازاڕەیە کە خەڵك، دەزگا و بانکەکان تێیدا کڕین و فرۆشتنی دراو دەکەن.

نرخی گۆڕینەوەی دراو: بریتییە لە چەند یەکەیەکی پارەی نیشتمانی لە بەرانبەر کڕینی دراوێکدا کە پێشی دەوترێ نرخی رواڵەتی دراو. بۆ نموونە ٣٥٠٠ تمەن لە بەرانبەر دۆلارێکدا. بە دوو شێواز دیاری دەکرێ. یان وەك بریتانیا و ئۆسترالیا پارەکەیان کردووەتە بنەما و دراویشیان وەك پارەیەکی گۆڕاو داناوە، یان وەك بازاڕەکانی تر، دۆلار کراوەتە بنەما و پارەی نیشتمانیش وەك گۆڕاو. بە هۆی بەهێزبوونی دۆلارەوە زۆربەی وڵاتان دۆلاری ئەمریکیان کردووەتە بنەما.

نرخی راستەقینەی دراو: ئەو نرخەیە کە بە پێی خواست و خستنەڕووی دراو لە بازاڕدا دیاری دەکرێ. بە واتایەکی تر نرخی رێژەیی دوو سەبەتە کالایە کە یەکێکیان کەلوپەلی ناوخۆیی دەگرێتە خۆ و ئەوی تریان کالای دەرەکی دەگرێتە خۆ، یان ژمارەی ئەو سەبەتانەیە لە کالای ناوخۆ لە بەرانبەر ئالوویری سەبەتەیەك کالای دەرەکیدا.

نرخی هاوسەنگ: ئەو نرخەیە کە بەپێی خواست و خستنەڕووی دراو لە بازاڕدا دیاری دەکرێ نەك بە شێوەی دەستووری.

نرخی گونجاو: ئەو نرخەیە کە بە پێی ئامانجە ئابوورییەکان دیاری دەکرێ. گونجاوترین نرخ ئەو نرخەیە کە ببێتە هۆی بووژانەوەی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان.

خواستی دراو: کۆی ئەو خواستەیە لە سەر دراو هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەمیان بەکاربەری کالا و خزمەتگوزارییەکانە و ئەوی دیکەیان، بۆ نموونە ئەو کەسانەن کە خەڵکی ئەمریکا نین و لەوێ دانیشتوون و دەیانەوێ لە داراییەکانی ئەو وڵاتە بکڕن، وەك پشکی کۆمپانیاکان و خانووبەرە....

بەهەمان شێوەی خواست، خستنەڕووی دراویش بریتییە لە بڕی ئەو دراوەی کە دەخرێتە بازاڕ، دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەمیان ئەو بیانییانەن کە کەلوپەل و خزکەتگوزاری لە ئێمە دەکڕن و لایەنی دووەمیش هەر ئەو بیانییانەن کە دەیانەوێ داراییەکانی وڵاتی ئێمە بکڕن وەك پشك و خانووبەرە و .....

بەگشتی ئابووری هەر وڵاتێك لە ریگەی بازرگانی و بازاڕی سەرمایەوە پێوەندی لەگەڵ ئابووریی جیهانیدا دەبێ. لە ئابوورییەکی کراوەدا هاوردە دەبێتە هۆی چوونەدەرەوەی دراو و هەناردەش دەبێتە هۆی هێنانی. هاوردە وەك پاشەکەوت و باجە کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی نیشتمانی و هەناردەش وەك وەبەرهێنان و خەرجییەکانی حکوومەتە کە دەبێتە هۆی زۆربوونی پارە و داهات لە دەرەوەڕا. ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری دادەنێنن لەسەر خواست و خستننەڕووی دراو بریتین لە، ریژەی هەڵاوسان، نرخی سود، گەشەی ئابووری، باری دەروونی کۆمەڵگا، مەترسییە سیاسی و ئابوورییەکان.

سیستەمەکانی دیاریکردنی بەهای دراو لە سیستمی دیاریکردنی جێگیرەوە بۆ سیستەمی دراوگۆڕینەوەی نەرم پۆلێن دەکرێن و لە نێوان ئەو دوو سیستمە سەرەکییەدا چەند وردە سیستمێکی دیکەش هەن، ئێمە پێناسەی دوو سیستمە سەرەکییەکەیان دەکەین:

سیستەمی دراوگۆڕینەوەی نەرم: لەم سیستەمەدا نرخی دراو بەپێی میکانیزمی خواست و خستنەڕوو دیاری دەکرێ. حکوومەت هیچ دەستێوەردانێك ناکا و هاوسەنگی نرخ لە ریگای خواست و خستنەڕووەوەیە. کڕیار و فرۆشیارێکی زۆری دراو لەم بازاڕەدا هەن و بە تەنیا کڕیارێك یا فرۆشیارێك ناتوانێت نرخی دراو دیاری بکا و بازاڕ دۆخێکی هاوسەنگ پێك دێنێ و نرخەکە لە ئاستێکی دیاریکراودا جێگیر دەکا. هەر وڵاتێك کە لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد بێت، بەهای دراوەکەی بە پێی میکانیزمی خواست و خستنەڕوو دیاری دەکرێ و حکوومەت زۆر بە کەمی دەتوانێ لە رێگای سیاسەتی پارە و داراییەوە دەستێوەردانی بەهای راستەقینەی دراو بکات و بەهاکەی لە خوارەوەی بازاڕ دیاری بکات.

سیستمی دراوگۆڕینەوەی جێگیر: بەپێی ئەم سیستمە حکوومەت لە ئاستێکی دیاریکراودا نرخی دراو جێگیر دەکات. لە ریگەی بانکی ناوەندییەوە ئەوەندە دراو دەکرێ و دەفرۆشێ تا لە ئاستێکی دیاریکراودا نرخی دراوەکە جێگیر دەبێت.

زۆربەی وڵاتانی جیهان بەکردەوە سیستمی دراوگۆڕینەوەی نەرم پەیرەو دەکەن، بەڵام بانکی ناوەندی لە کاتی هەر گۆڕانیکی لەناکاودا دەستێوەردانی کاتی دەکات لە خواست و خستنەڕووی دراودا. کەوابوو سیستمێك لە نێوان سیستمی دراوگۆڕینەوەی نەرم و جێگیردا هاتووەتە ئاراوە کە پێی دەڵێن سیستمی دراوگۆڕینەوەی نەرمی کارگێڕیکراو.

٣

گۆڕانی بەهای دراو کاریگەری دادەنێ لەسەر چالاکییە ئابوورییەکان و لەم پێوەندییەدا کارگێڕیی نرخی دراو بایەخی تایبەتی هەیە. بە کورتی کاریگەری نرخی دراو لە سەر سێ رەگەزی گرنگی ئابووریی تەف (Macro) باس دەکەین:

* کاریگەری نرخی دراو لەسەر تەرازووی بازرگانی: بەرزبوونەوەی راستەقینەی دراو دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی نرخی کەلوپەل و خزمەتگوزاری ناوخۆ لە ئاست نرخی جیهانیدا و ئاستی رکەبەریی بەرهەمهێنەری ناوخۆیی لە بازاڕەکانی جیهانیدا بەرز دەکاتەوە و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هەناردە و ئاستی هاوردەش کەم دەکاتەوە، چوونکە بەرزبوونەوەی بەهای دراو دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی هاوردە. بەرزبوونی هەناردە و کەمبوونی هاوردە دۆخی تەرازووی بازرگانی باشتر دەکەن. بە پێچەوانەشەوە کەمبوونەوەی نرخی راستەقینەی دراو دەبێتە هۆی لاسەنگبوونی تەرازووی بازرگانی بە لای هاوردەدا.

* کاریگەری نرخی دراو لەسەر بەرهەمهێنان و هەلی کار: گۆڕانی نرخی دراو کاریگەریی جیاواز دادەنێ لەسەر بەرهەمهێنان و هەلی کار.

خشتەی ١. دۆلاری ئەمریکا لە بەرانبەر ریالدا

| ساڵ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٠ | نیوەی گۆڕانی نرخ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ریالی ئیران | ٦٨٨٩/٨ | ٧٩٠٠ | ٧٩٠٠ | ٨٢٨٠/٨٨ | ٩٢٩١/٥٣ | ٩٥٣٢/١٤ | ٩٤٣٦/٥٧ | ٩٧٩٧/٨ | ١٠٣١/١٨ | ٤/٩٦ |

خشتەی ٢. یورۆ لە بەرانبەر ریالدا

| ساڵ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٠ | نیوەی گۆڕانی نرخ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ریالی ئیران | ٧٨٩٥/٩ | ٩٧٤٧/٣ | ١٠٩٨٥/٦ | ١١٠٦٠/٨ | ١١٨١٨/٩ | ١٣١٩٥/٦ | ١٣٧٤٥/٥ | ١٤٠١٧/٧ | ١٣٧٠٥/٠٩ | ٤٠/٧ |

کەمبوونەوەی بەهای راستەقینەی دراو دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر شتومەکی دەرەکی و بەرزبوونەوەی هاوردەی لێدەکەوێتەوە و هەروەها دەشبێتە هۆی کەمبوونەوەی خواستی ناوخۆ و دەرەکی لەسەر بەرهەمەکانی ناوخۆ و، کەمبوونەوەی خواستیش کاریگەری نیگەتیڤی دەبێ لەسەر بەرهەمهێنان و بێکاری لێدەکەوێتەوە. بەپێچەوانەوە ئەگەر نرخی راستەقینەی دراو بەرز بێتەوە ئەوا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خواستی ناوخۆ و دەرەکی لەسەر بەرهەمەکانی ناوخۆ و ئەمەش ئاستی بەرهەمداری بەرز دەکاتەوە و لە ئاکامدا کاریگەری ئەرێنی لەسەر بەرهەمهێنان و هەلی کار دادەنێ.

بەڵام گۆڕانی نرخی دراو کاریگەریی جیاوازی لەسەر وەبەرهێنان هەیە، دابەزینی بەهای دراو دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی هاوردە و بەرزبوونەوەی نرخی هەناردە. ئاستی رکەبەریی بەرهەمهێنەرانی ناوخۆ لە بەرانبەر بەرهەمهێنەرانی دەرەکیدا لاواز دەکا و لە ئاکامدا کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێ لەسەر رێژەی داهات و بەرهەمداری وەبەرهێنان لە ناوخۆدا. لە بەرانبەردا دابەزینی بەهای دراو، نرخی هاوردەکردنی کالا سەرمایەیی و ناوەندییەکان دادەبەزێنێ و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی تێچوونی وەبەرهێنان و ئەمەش بەرزبوونەوەی وەبەرهێنان و بەرهەمداری لێدەکەوێتەوە. کاریگەریی دابەزینی نرخی دراو لە کورتخایەندا ئەرێنییە، بەڵام لە درێژخایەندا نێگەتیڤە. هەلی کار راستەوخۆ پەیوەستە بە ئاستی بەرهەمهێنان. گۆڕانی نرخی دراو کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان دادەنێ و ئاستی چالاکییەکانی بەرهەمهێنانیش رێژەی کار و بێکاری لە ئابووریدا دیاری دەکات.

* کاریگەری گۆڕانی بەهای دراو لەسەر هەڵاوسان: لە ساڵی ١٣٨١ەوە تا ١٣٨٩ نێونجی رێژەی هەڵاوسان نزیکەی ١٥٪ بوو. بە پێی ئامارە فەرمییەکان رێژەی هەڵاوسان لە ئێستادا دەگاتە ٢٧٪، بەڵام هێندێك لە کاربەدەستانی ئێران رێژەی هەڵاوسان بە نزیکەی ٤٠٪ دادەنێن. بەهۆی بەهێزکردنی پارە بە شێوەی دەستکرد لە رێگەی جێگیرکردنی نرخی دۆلارەوە، حکوومەت توانی نزیکەی ١٠ ساڵ شتومەکی هەرزان لە دەرەوەڕا هاوردە بکات. ئێران لەو وڵاتە دەگمەنانەیە بۆ چارەسەرکردنی هەڵاوسان سوبسید بە شتومەکی هاوردە دەدا. هەرچەند کە نەیتوانی نێونجی ساڵانەی هەڵاوسان لەو ١٥٪ە دابەزێنێ، کەچی لە بەرانبەردا هاوردەی هەرزان بووە هۆی هەرەسهێنانی بەرهەمهێنان و هەناردەی شتومەکی غەیرەنەوتی کە بەشێکی بچووکە لە بازرگانی دەرەکیی ئێران. هەناردەکردنی کەلوپەلی غەیرەنەوتی نزیکەی ٤٤ میلیارد بوو لە ساڵی ١٣٩٠دا. لەو رێژەیە نزیکەی ١٢ میلیاردی بەرهەمە گازییەکان و نزیکەی ١٤ میلیاردیشی کالای پەترۆکیمیاییە. بەرهەمە گازییەکان و شتومەکی پەترۆکیمیایی بە شتومەکی غەیرەنەوتی دانانرێن. ئەگەر بایی ئەو شتومەکانە لەو ٤٤ میلیاردە کەم بکەینەوە، ١٠ میلیارد دەمێنێتەوە، کە دەبێتە شتومەکی غەیرەنەوتی هەناردەکراو، تەنانەت هێندێ کەس لە ژووری بازرگانی ئێران ئەو ژمارەیە بە راست نازانن و هەناردەی غەیرەنەوتی زۆر بەکەمتر لەو رێژەیە دادەنێن.

لەم پێوەندییەدا ئەو بۆچوونەی کە باوە ئەوەیە، بەرزبوونەوەی نرخی دراو بە هۆکاری هەڵاوسان دەزانێ. بەپێی ئەم بیروڕایە بەرزبوونەوەی نرخی دراو دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هاوردە، کە یان شتومەکی بەرکارهێنانن یان شتومەکی سەرمایەیی و ناوەندیین، کە بەرزبوونەوەی نرخەکەیان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان و کاریگەری لەسەر هەڵاوسان دادەنێ. با بزانین ئەم بۆچونە راستە یا نە؟ بۆ زانینی ئەم بابەتە پێویستە لە لایەکەوە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی دراو بزانین و لە لایەکی دیکەوە لە کاریگەرییە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی گۆڕانی نرخی دراو لەسەر هەڵاوسان تێبگەین. ئەگەر رێژەی نەغدینەیی لە بازاڕدا بەرز بێتەوە (لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکانی تر وەك خۆی بەتایبەتی داهاتی نەوت) ئەوا هەڵاوسانی لێدەکەوێتەوە و نرخی دراویش بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ بەرزبوونەوەی هەڵاوسان بەرز دەبێتەوە. لە دۆخێکی وادا بەرزبوونەوەی رواڵەتی نرخی دراو دەگەڕێتەوە بۆ هەڵاوسان و نرخی راستەقینەی دراویش وەك خۆی دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر بەهۆی رووداوە راستەقینەکانی بازاڕەوە (وەك ئەم کەمبوونەوەی داهاتی نەوت بە هۆی سزا ئابوورییەکانەوە)، نرخی دراو زیاتر لە هەڵاوسان بەرز ببێتەوە (بەرزبوونەوەی راستەقینەی نرخی دراو) ئەوا لە ریگەی بەرزبوونەوەی نرخی هاوردەوە کاریگەری لەسەر رێژەی هەڵاوسان دادەنێ. بەڵام ئەم کاریگەرییە کاتییە، چونکە بەهای راستەقینەی دراو ناتوانێ بەردەوام بەرز بێتەوە و لە درێژخایەندا کاریگەری لەسەر هەڵاوسان نابێت.

لەهەمان کاتدا ئەگەر حکوومەت لە دۆخی هەڵاوساندا بەشێوەیەکی دەستووری نرخی دراو جێگیر بکات، ئەوا بەهای راستەقینەی دراو دادەبەزێ و ئەم دابەزینە لە کورتخایەندا ئەگەر بەردەوام بێت، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کەمکردنەوەی رێژەی هەڵاوسان نابێت. بەڵام دیارە ئەم جێگیرکردنە بە هۆی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر دراو یان کەمبوونەوەی یەدەکی دراو ناتوانێ بەردەوام بێ و حکوومەت ناچارە نرخی دراو بەرز بکاتەوە. ئاکامی ئەم هاوسەنگکردنە بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵاوسان لە کورتخایەندا بەرز دەکاتەوە و ئەو کاریگەرییە کەمەش کە پێشتر هەیبوو نایهێڵێت، ئەم حاڵەتە لە ١٣٧٣ و ١٣٧٤ لە ئێراندا رووی داوە و سەرەڕای ئەمەش ئەگەر دیاریکردنی بەهای دراو بە شێوە دەستوورییەکەی کەمتر بێ لە نرخی هاوسەنگی بازاڕ، ئەوا لە رێگەی لاوازکردن و پەکخستنی بەرهەمهێنانەوە رێژەی گەشەی کەم کردووەتەوە و بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی هەڵاوسان. کەوابوو بەرزبوونەوەی رواڵەتی دراو و ئاستی گشتی نرخەکان بە جۆرێك ئەگەر نرخی راستەقینەی دراو جێگیر بێت، هۆکاری هەڵاوسان نین لە ئابووریی ئێراندا و کەمکردنەوەی نرخی دراو سیاسەتێکی گونجاو نیە بۆ چارەسەرکردنی هەڵاوسان. راستییەکانی ئابووریی ئێران لە دەیەی هەشتادا ئەمە دەسەلمێنن کە کەمکردنەوەی نرخی دراو لە درێژخایەندا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر رێژەی هەڵاوسان نابێت.

Currency
پارە Money
نرخی
دراوگۆڕینەوە Exchange rate
نرخی دراوگۆڕینەوەی جێگیر Fixed exchange rate
نرخی دراوگۆڕینەوەی نەرم Flexible or floating exchange rate
نرخی دراوگۆڕینەوەی نەرمی کارگێڕیکراو Managed flexible or floating exchange rate
نرخی رواڵەتی دراو Nominal exchange rate
نرخی راستەقینەی دراو Real exchange rate
ئابووری تەف Macro economy
خواستی دراو Demand for currency
خستنەڕووی دراو Supply for currency
سزا، گەمارۆ یان ئابڵۆقەی ئابووری Economic sanction

سەرچاوەکان:

١. Charles Van Marrewijk, Basic Exchange Rate Theories, University of Adelaide, Adelaide ٥٠٠٥ Australiaz, February ٢٠٠٥
٢. The Theory of Exchange Rate Determination, John F. O. Bilson and Richard C. Marston, eds, University of Chicago Press, ١٩٨٤
٣. Krugman, P., and Taylor, “Flexible exchange rate... devalvation”,Journal of Economics, ١٩٧٨ ,٧.
٤. تفچلی، فریدون، اقتصاد کلان، نشر نی، تهران، ١٣٧٨
٥. بانک مرک.ی جمهوری اسلامی ایران، مجموعه مقالات کنفرانس سیاستهای پولی و ارزی، موسسه تحقیقات پولی و بانکی سالهای قبل
٦.http://www.kaleme.org/١٨/٠٦/١٣٩١/klm١١٢٠٤٣٦-
٧. http://www.iranianuk.com/page.php٥?id=٢٠١٢٠٩٠٩٠٩٤٤٥١٠١٤
٨. http://www.radiofarda.com/content/f٤_dollar_historic_record_price_three_thousands/٢٤٧٢٤١٤
٩. http://www.tabnak.ir/fa/news
١٠. http://isna.ir/fa/news/٩١٠٤٢٨١٧٢٩٩/
١١. http://seconews.com/vdcb.abaurhbzsiupr.html
١٢. http://www.donya-e-eqtesad.com/Default_view.asp?@=٣٢٠٥٨٧
١٣. http://www.radiofarda.com/content/f٤_iran_rial_situation_turkmanchai/٢٤٧٠٥٧٠٨.html

# گرژیی نێوان سووریا و تورکیه

■ **موعتەسەم نوورانی**

لەم رۆژانەدا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەمەڕ کێشەی نێوان سووریا و تورکیه و پڕەنگبوونەوەی ئاڵۆزییەکانی نێوانیان زۆر نیگەرانە. چونکە هەردوو وڵات دوای پێکدادانە سنوورییەکان و تۆپباران و مووشەکبارانی خاکی یەکتر ئەرتەشی زۆریان هێناوەتەوە سەر سنووری ئەو دوو وڵاتە. ئەو گرژییەی دوایی لەوەڕا دەستی پێکرد کە کاتێك ئەرتەشی سووریا چەند گوللە تۆپی هاویشتە نێو خاکی تورکیا بوو بە هۆی کوشتنی ٥ کەسی خەڵکی مەدەنی تورکیا. ئەو کردەوەی سووریا تووڕەیی کاربەدەستانی تورکیای لێکەوتەوە و ئەوانیش بەشێك لە خاکی سووریەیان بۆردومان کرد. لە تازەترین کردەوەکانی نێوانیاندا، حەوتووی رابردوو کە فڕۆکەیەکی موسافیرهەڵگری سووری لە مۆسکۆ، پێتەختی رووسیا ڕا بە سەر ئاسمانی تورکیادا دەچووە بۆ سووریا، فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیا مەجبووریان کرد کە لە فڕۆکەخانەی ئانکارا بنیشێتەوە. ئاغای ئوردۆغان، سەرۆك وەزیرانی تورکیا گوتی: «ئەو فڕۆکە بارەکەی دەبرد بۆ وەزارەتی بەرگری سووریا. چونکە باری ئەو فرۆکەیە کەرەستەی شەڕ و ئەسڵەحە بوو. هەروەها وتی فڕۆکەی موسافیرهەڵگر ڕێگای پێنادرێ کەرەستەی شەڕ و چەك و تەقەمەنی راگوێزێ چونکە فڕۆکەکە کەرەستەی شەڕی پێ بوو».

فڕۆکەی نەفەرهەڵگری A٣٢٠ هێڵی ئاسمانی سووریا تەنیا ٣٠ موسافیری پێ بوو کە ١٨٠ نەفەری کەمتر لە باری خۆی هەڵگرتبوو و لە جیاتی ئەو نەفەرانە چەك و کەرەستەی شەڕی بار کردبوو کە ئەوەش بە پێچەوانەی یاسای نێونەتەوەییە.

ئەحمەد داوود ئۆغلوو، وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیە وتی: «تورکیە لەسەر بڕیاری خۆی پێدادەگرێ و پێش دەگرێ لە هەر چەشنە تەقەمەنی و ئەسڵەحە و کەرەستەی شەڕ کە بە ئاسمانی وڵاتەکەیدا بڕوات بۆ سووریا». لە دوای ئەوە کاربەدەستانی تورکیە سنووری ئاسمانیی سوریەیان نائەمن راگەیاند و داوایان لە فڕۆکەکانی تورکیا کرد کە بە سەر ئاسمانی سوریادا هەڵنەفڕن. بە دوای ئەوەدا سووریاش سنووری ئاسمانیی تورکیای قەدەغە کرد و داوای لە فڕۆکەکانی خۆی کرد کە بە سەر ئاسمانی تورکیەدا هەڵنەفڕن.

هەروەك دەبینین کە گرژیی نێوان تورکیە و سووریا رۆژبەرۆژ توندتر دەبێ و کێشەکان قووڵتر دەبنەوە. سووریا نزیك بە ٢٠٪ کارەبای بەکارهێنەری خۆی لە تورکیا دابین دەکرد. رۆژی پێنجشەممەی رابردوو وەزرارەتی وزەی تورکیا رایگەیاند کە سووریا کارەباکەی راگرتووە، هەموو شێوە پێوەندییەکی لەگەڵ ئەو وڵاتە پچڕاندووە. لە کاتێکدا تورکیا پێشتر هەڕەشەی کردبوو ئەگەر سووریا هەر لەسەر ئەو ئاکار و کردەوەی خۆی بێ و درێژە بە کوشت و کوشتاری هاووڵاتییانی سووریە بدات، کارەباکەی لێدەبڕین، بەڵام سووریا بۆ خۆی وازی لە کارەبای تورکیە هێنا.

لە لایەکی ترەوە سووریا ئیدعاکانی تورکیا رەد دەکاتەوە، سەبارەت بەوەی کە لەو فڕۆکەیەدا تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕ بار کراوە.

حکوومەتی سووریا وڵاتانی تورکیە، عەرەبستان سعوودی و قەتەر تاوانبار دەکات بەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا چەکدار دەکەن و یارمەتی ماڵی و لۆجستیکیان بۆ دەنێرن. چوونکە لە لایەك ئێران، عێراق، رووسیا و حیزبوڵڵای لوبنان یارمەتی رێژیمی بەشار ئەسەد دەکەن، تورکیە و عەرەبستان و وڵاتانی دیکەی کەنداو یارمەتی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەکەن. ئەوەش وای کردووە کە وەزعی سوریا رۆژبەرۆژ خراپتر بێت. هەر چەند پێشتر کۆفی عەنان، نوێنەری نەتەوە یەککگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی زۆر هەوڵی دا بە هێنانی گەلاڵەی ٦ ماددەیی، کۆتایی بە شەڕ و کوشتار بێنێ بەڵام چارەساز نەبوو. ئێستا ئەخزەر ئیبراهیمی، نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان و کۆمکاری عەرەب بە سەردانی ئێران، تورکیا، دیمەشق و عەرەبستان خەریکە رێگاچارەیەکی گونجاو بۆ ئەو کێشە بدۆزێتەوە. بەڵام تا ئەسەد لەسەر کار بێ کێشەکە چارەسەر ناکرێ.

لە درێژەی سەفەری ئاغای ئەخزەر ئیبراهیمی بۆ تاران، کاربەدەستانی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی سووریا گەلاڵەیەکیان بە نووسراوە پێشکەش بە نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان کردووە کە دەڵێت: «پێش هەموو شتێك دەبێت توندوتیژی و کوشتار لە سووریا کۆتایی پێ بێ. هەروەها خەڵکی سووریا وەك هەر وڵاتێکی دێموکراتیك و ئازاد، مافی هەڵبژاردنی ئازاد و پارلمانی گەلی و یاسایی بنەڕەتی لەسەر بنەمای دەنگی خەڵکی ئەو وڵاتەیان هەیە». هەرچەند وەك قسە وادەبینین بەڵام باوەڕیان بەوە نیە. چوونکە لە راستیدا ئەوان خەڵکی سوریا بە دژی شۆڕش و ئاژاوەگێڕ دەزانن.

لە لایەکی دیکەش عەلائەدین بروجەردی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نەتەوەیی رێژیمی ئێران دەڵێت: « لە گەلاڵەی قاهیرەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سووریا نابێ بەشار ئەسەد وەلا بنرێت. بەشار ئەسەد سەرۆك کۆماری راستەقینەی سووریایە و هەر کەس ئەو راستییە وەبەرچاو نەگرێ کارێکی بێهوودەیە». ئەوە لە حاڵێکدایە لە ئۆپۆزیسیۆن سووریا بە توندی داواکاری وەلانانی بەشار ئەسەدن و پێیان وایە کە هەتا بنەماڵەی ئەسەد لە سووریا لەسەر کورسی حوکم بن خەڵکی سووریا ئاشتی و ئاسوودەیی بە خۆیانەوە نابینن. ئەو راستییە حاشاهەڵنەگرە کە ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان دەوری سەرەکییان لە شەڕ و ئاژاوەکانی سووریادا هەیە و بە ئاشکرا هاوکاری رێژیمی بەشار ئەسەد دەکەن.

بەڵام تورکیا کە دراوسێی باکووریی سووریایە و نێزیك بە ٩٠٠ کیلومێتر سنووری هاوبەشیان هەیە، لەگەڵ زۆر گرفتی گەورە رووبەڕوویە، هەم لەگەڵ ئێران کە هاوپەیمانی ستراتژیکی سووریایە و هەم بە رزگاربوونی کوردەکان لە باکووری سووریا لەگەڵ کۆمەڵێك هاوکێشە رووبەڕوویە. ئەو راستییە ناشاردرێتەوە کە کوردەکان لە سووریا لە ناوچەیەکی شازی جوغرافیاییدا هەڵکەوتوون و رێژەی دانیشتووانی کورد لە سووریا زیاتر لە ١٢٪ و کوردەکان دوای عەرەب نەتەوەی دووهەمن و هەر حکوومەتێکی دوای ئەسەد دەبێ مافی نەتەوەیی کوردەکان لەو وڵاتە وەبەرچاو بگرێت، دەنا ئاسوودەیی و ئارامی لەو وڵاتە سەقامگیر نابێت. لە لایەکی دیکە تەنانەت تورکیا نەك نابێ کوردی سووریا پەراوێز بخات بەڵکوو دەبێ کێشەی کوردەکانی خۆیشی لە رێگایەکی ئاشتییانە چارەسەر بکا و لەگەڵ کوردەکان بە شێوەی پێکەوەژیانی برایانە هەڵسوکەوت بکات.

لە لایەکی تر تورکیە سەبارەت بە دەستێوەردانی ئێران لە سووریا نیگەرانە، چونکە لە کاتێکدا کاربەدەستانی تورکیە دەیانهەوێ ئەنجوومەنی ئاسایش بێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە لە رێگای ناتۆ گورزێکی سەربازی لە سووریا بسرەوێنێ بەڵام کۆماری ئیسلامی تورکیای ئاگادار کردۆتەوە کە هەر چەشنە دەخاڵەتێکی تورکیا لە سووریەدا لەگەڵ کاردانەوەی توندی ئێران رووبەڕوویە دەبێتەوە چونکە ئێران و سووریا پەیماننامەی دیفاعییان پێکەوە ئیمزا کردووە.

فرانس پرێس بڵاوی کردەوە کە «ئەگەر تورکیا بە شێوەی جیددی لەگەڵ سووریا بێتە مەیدان، ئەوە ئێرانیش بە شێوەیەکی دیکە دێتە مەیدان قەیرانەکە ئاڵۆزتر دەبێ و زۆربەی وڵاتانی ناوچە تووشی شەڕ دەبن و ئەو شەڕەش بە قازانجی ئێران نابێ چونکە ئێران لە زۆر بواردا تووشی قەیران بووە».

گرژیی نێوان تورکیە و سوریا زۆر قووڵتر بۆتەوە، ئاغای ئەردۆغان بە توندی رەخنەی لە ئەنجوومەنی ئاسایش گرت کە بێدەنگی ئەوان سەبارەت بە قەیرانی سووریا هەڵەیەکی گەورەیە و ئەو بێدەنگییە تراژدیای کوشتاری بۆسنی هێرزەگوین لە دەهەی ١٩٩٠دا دووپات دەکاتەوە. رێژیمی بەشار ئەسەد رۆژانە بە دەیان کەس ژن و منداڵ و خەڵکی ئەو وڵاتە دەکوژێت و بە دەیان کەس رۆژانە را دەکەن و لەو دیوی سنوورەکانی سووریا ئاوارە دەبن. هەروەها وتی لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانی هەمووی ئێمە، ئەنجوومەنی ئاسایش سەبارەت بە قەیرانی ٢٠ مانگەی سوریا بێدەنگە. دەستێك لە ئارادایە کە ناڕاستەوخۆ چرای سەوز دەدات بە بەشار ئەسەد». هەروەك دەبینین رۆژبەرۆژ قەیرانی نێوان تورکیا و سووریا قووڵتر و قووڵتر دەبێتەوە و لەکۆتاییدا رێژیمی ئەسەد بەرەو هەڵدێر دەڕوات و ئەوەی سەر دەکەوێ ئیرادەی خەڵکە.

www.economist.com
www.washingtonpost.com
www.nytime.com




## جووت حەوت

**هەوراز**

ـ ئایەتوڵڵا محەممەد عەلی عەلەویی گورگانی، یەکێك لە مەرجەع تەقلیدەکانی قوم بەم دواییانە رایگەیاندووە کە: جوبرەئیل لە سەفەری میعراجدا بە پێغەمبەری ئیسلام گوتوویە: «قوم شاری ئەهلی بەیت و ئەو شوێنەیە کە ئازیزێکی تۆی تێدا دەنێژن و شاری قوم یەکێك لە نهۆمەکانی بەهەشتە». حەیف کە درۆ لە خورما شیرینترە، خۆزگە وەك بڕبڕەی ماسی دەبوو کە قوڕگی درۆزن هەڵدڕێ.

پیاوی چاك! بەپێی ئاماری خۆتان، قوم ئێستاش دووهەمین شاری ئێران لە بواری رێژەی تەڵاق و یەکەم شار لە بواری بێڕەوشتیی ئینترنتییەوەیە، لە بواری بێڕەوشتیی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی خورافاتیشەوە بێرەکابەرە، ئاوەکەشی کە سوێر و بۆگەنە، کەشوهەواشی تۆزاوی و گەرم و وشکە، دارستانەکانیشی کە دەڵێی تەوقەسەری «پییەر لوئیجی کۆلینا»، دادوەری بەناوبانگی فووتباڵن، سێڕێیانی «سەلەفچەگان»یشی کوشتارگای موسافیرانی تارانە، سرووشتە جوانەکەشی کە تەنیا مارمێلکە و مار و دووپشك لە هەر دوو رەگەزی نێر و مێ بەرهەم دێنێ. بەڕێزتان و هاوعەمامەکانتانیش کە وەك مەئمووری جەهەننەم لەوێ راوەستاون. ئیدی بەهەشتی چی و شتی چی و نهۆمی چی و ئەهلی چی و بەیتی چی؟

ئەمە بەهەشت بێ، دەبێ جەهەننەم چ جەهەننەمێك بێت؟ خوایە بەخێر بیگێڕی!

ـ ئیبراهیم فەییاز، ئەندامی لیژنەی زانستیی زانکۆی تاران، دەڵێت: «ئەگەر کوڕێك لەگەڵ کچێك ساندویچ یان ئاومیوە بخۆن، پێکەوە دەبنە مەحرەم، واتە لێك حەڵاڵ دەبن». فەییاز هەروەها گوتوویە: «ورووژێنەرە سێکسییەکان، هۆکاری رووداوەکانی پاش هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ بوونە».

فەییاز دەڵێت هێندێك لە ئاخوندە پلە بەرزەکانیش ئەم قسانەی ئەو پشتڕاست دەکەنەوە.

فەییاز کە زۆر زانستییە و تا بڵێی لێی دەزانێت، تەنیا شتێکی لە بیر چۆتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بڵێت «بڕیاری ئاغای خامنەیی بۆ دەرهێنانی مەحموود لە سندووق، بڕیارێکی وروژێنەر و سێکسی بووە، واتە بە مەیلی ... بڕیاری داوە. ئەوە نیە وا دەڵێن؟

ـ شێخ جەعفەر شوجوونی، ئاخوندی هەمیشە تووڕە کە ئێستا بۆتە رەخنەگری دەوڵەتی عەدالەت!، گوتوویە: «تا عەلی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی بێت، هیچ کەس هیچ غەڵەتێکی پێ ناکرێت» یان بە واتا کوردییەکەی «تا ئاغا لێرەیە کەس مافی ... خواردنی نیە»، بەتایبەت سەرکۆمارەکان کە دەبێ هەر ئافتاوە بۆ بەرێزیان پڕ بکەن و ئەحمەد خاتەمی گوتەنی «ئاخ» نەڵێن». جا تووڕەبوونی بۆ چیە خاڵۆ جافر؟! خۆ لە پێش سەیدعەلی و لە سەردەمە زێڕینەکەشدا نە سەرکۆمار و نە مەجلیس و بگرە ئەمریکاش هیچ غەڵەتێکیان نەکردووە، تا ئێوە راوەستاون کەس بۆی نیە غەڵەت بکات، دە فەرموون بۆ خۆتان تا دەتوانن غەڵەت بکەن!

# پەیامە پێشکەشکراوەکان بە کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکرات

## پەیامی مارینوو بووسداچین، سکرتێری گشتیی UNPO

بەڕێز مستەفا هیجری!

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بە نوێنەرایەتی لە لایەن چلوچوار ئەندامی ڕێکخراوی گەلان و نەتەوە بێ‌نوێنەرەکانەوە، پێم خۆشە پشتیوانی خۆمانتان بە بۆنەی بەستنی پازدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش بکەم و لەم ڕێگایەوە هیوای کۆنگرەیەکی بە بەرهەم، سەرکەوتوو و چاککەرەوە بۆ بەشداران بخوازم.

هەوڵەکانی PDKI بۆ دوورەپەرێزی لە توندوتیژی، سەرەڕای دووچاوەگی و هەڵاواردنی بەردەوام و سەرکوتی کوردەکانی ئێران، نیشانەی بەهێزبوونی نە تەنیا ڕێکخراوەکەتان بەڵکوو هەموو لایەنگرەکانیشە. هیوادارم کە لە ئەنجامی بڕیارەکانی کۆنگرەی پازدەدا، PDKI بە یەکڕیزی بەهێزتر لە رابردووەوە، تواناییەکانی هەرچی زیاتر بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی، دەسەڵاتی یاسا و بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا بە کار بێنێ. لەوەش زیاتر، هیواخوازین کە لە ئەنجامی کۆنگرەی پازدەدا، پێوەندییەکانی PDKI لەگەڵ UNPO قووڵتر و پتەوتر بن.

لە روانگەی UNPOوە، PDKI دەورێکی سەرەکی لە بەرەوپێشبردنی ئازادیی ڕادەربڕین و پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا دەگیڕێ، ئەوە خاڵێکی بە هێزە کە حیزبەکەتان لەگەڵ خۆی دێنێتە نێو ریزەکانی UNPO و باقی ئەندامەکانییەوە، کە هەموویان لەگەڵ ئاستەنگی زۆر لەسەر ڕێگای ئازادی و مافەکانیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕووبەڕوون. UNPO بەردەوام دەبێ لەسەر چاوەدێری ڕەوشی کوردەکان لە ئێراندا و شانبەشانی PDKI هەوڵ دەدا کە سەرنجی رای گشتی بۆ لای ئەو پێشێلکارییانە رابکێشێ کە دەوڵەتی ئێران دەیکات.

بە ڕۆحی هاوکاری و پێکەوە کارکردنەوە چاوەڕوانی بڕیارەکانی کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانین و بۆ کار و تێکۆشانی مانگ و ساڵانی داهاتوو پشتیوانیتان لێ دەکەین.

بەڕێزەوە

مارینوو بووسداچین، سکرتێری گشتیی UNPO

برووکسەل، ئووتی ٢٠١٢

## پەیامی کارۆڵ پرۆنهوبێر، نووسەر و رۆژنامەنووسی ناسراو

وەك دۆستێکی پرسی ڕەوای کورد، کۆنگرەیەکی سەرکەوتووتان بۆ بە ئاوات دەخوازم، لە کاتێکدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێبازی خۆیەوە درێژە بە خەباتی خۆی بۆ مافی نەتەوەی کورد لە ئێراندا دەدات، ڕێبازێك کە دوکتور قاسملوو ئاڵاهەڵگری بوو. قاسملوو خاوەن روانینێکی بەرز بوو  کە هەردەم بە دڵنیاییەوە سەیری داهاتووی گەشی بۆ خەڵکەکەی دەکرد.

بەو هیوایە کە خەباتی بێوچان، مزگێنی بە ئامانج گەیشتن بۆ ریزەکانتان و خەڵکەکەتان لەگەڵ خۆ بێنێ و خەڵکی غەیرە کوردیش لە ئێش و ئازارە بێ پساوەکانی هاوڵاتیان و ژنانی ئێران ئاگادار کاتەوە.

کارۆڵ پرونهوبێر

نووسەری «خولیا و مەرگی ڕەحمانی کورد: خەونی کوردستان»

٢٨ی ژوئیەی ٢٠١٢

ئەمریکا

## پەیامی حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی هەرێمی ئەهواز

هاوڕێیان و دۆستانی بەشداربوو!

لە ڕێگەی دوورەوە، گەرمترین پیرۆزباییەکان و هاوپێوەندیی ئێمە بە بۆنەی بەڕێوەچوونی ١٥هەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قبووڵ بفەرموون. حیزبێك کە شەهید دوکتور قاسملوو لەگەڵ هاوڕێیانی لە ڕێگەی باوەڕ بە خەڵکی کورد و دێموکراسی گیانی لەسەر دانا. بێگومان خەڵکی بەغیرەتی کوردستانی ئێران هەر وەك رابردوو چاوەڕوانی سەرکەوتنی کۆنگرە و ڕێبەری و ئەندامانی حیزبن و هەر وەك مێژوو شایەتی بووە، حیزب هەمیشە لە ریزی پێشەوەی بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورددا بووە.

هاوڕێیان، ئێوە لە کاتێکدا بەرەو کۆنگرەی حیزب دەڕۆن کە ناوچە و بەتایبەت ئێران ئاوسی ڕووداوگەلێکی زۆرن و بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ڕووداوانە و بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد، یەکیەتیی نەتەوەکانی ئێران بۆ گەیشتن بە سیستمێك کە لەخۆگر و گەرەنتیکەری مافەکانی ئێمە نەتەوەکانی بندەست لەم ٩٢  ساڵەی دواییدا بێ کە تەنیا هەژاری و زنجیریان بەسەردا داسەپاندووین، سات بە سات گرینگی و پێویستیی خۆی زیاتر دەسەلمێنێ. ئێمە و ئێوە بە باشی دەزانین کە بۆ ئێرانی دێموکراتیك بە واتای ڕاستەقینەی وشەکە کە لەخۆگری مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکانی ئێران بێ و گەرەنتیکەری نەگەڕانەوەی سیستێمکی ناوەندگەرا و توتالیتێری دیکە بێ، پێکهێنانی حکوومەتێکی فێدراڵ پێویستە کە دواجار دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و دابینکردنی ئاسایش بۆ نەتەوەکانی ئێرانی لێدەکەوێتەوە و لەم ڕێگەیەدا، ئێمە و حیزبی ئێوە باش دەزانین کە هاودەنگی و هاوڕێیەتی سیاسیی نەتەوەکان لە هەلومەرجی هەنووکەدا دەتوانێ توانایی ئێمە و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ وەکوو پاڵهێزێك بۆ داواکارییە ڕەوا و سەرکوتکراوەکانی نەتەوەکانی ئێران بباتە سەرەوە.

دۆستان!

لە داهاتوویەکی نەئەوەندە دووردا شایەتی سەلماندنی درووستبوونی سیاسەتەکانی حیزبەکانمان کە سەرچاوەگرتوو لە لێکدانەوەی ڕوونی هەلومەرجی دیاریکراوی ئێران و ناوچەن، دەبین و تا ئەو ڕۆژەیش، دەبێ هاوکارییەکانمان لەم پێناوەندا پتەوتر بێ.

دواجار و بۆ جارێکی دیکە، حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی ئەهواز، بەڕێوەچوونی ١٥هەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری، ئەندامان و خەڵکی دلێری کوردستان پیرۆزبایی دەڵێ و ئاواتی سەرکەوتنی کۆنگرە، سەرکەوتنی ئێوە و سەرکەوتنی ئێمەی هەیە.

سەرکەوێ خەباتی نەتەوەکانی ئێران

کومیتەی ناوەندیی حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی ئەهواز

جوولای ٢٠١٢

## پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

بۆ نوێنەران و بەشداربووانی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پاش سڵاو ڕێزی خەباتکارانە

وەك ئاگادارین ئێوە بەرەو بەستنی کۆنگرەی ١٥ی حیزب ئەچن و هەروەك هەمووومان ئاگادارین، بەگشتی هەلومەرجێکی نوێ لە جیهان، ناوچەکە، ئێران و کوردستان هاتۆتە ئاراوە و ئاڵوگۆڕە چاوەڕواننەکراوەکان، پەیتا پەیتا و بە خێرایی تێپەڕ دەبن.

لەم قۆناخە هەستیارەدا کە ئاکامی ڕووداو و گۆڕانکارییە جیهانییەکان بە چرکەساتەوە بەستراون و پێویستیی بەرەوپێشوازیچوون و وەڵامدانەوە و تێکۆشان بۆ گواستنەوەی ئاکامی شیاو و لەبار لە پێناو بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوە و جەماوەری خەڵکی کوردستان، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

لە لایەکی ترەوە تەریککەوتنەوە و ریسوابوونی دەسەڵاتی ئیسلامی لە تاران و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە گشتییەکان و دەرکەوتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری سیمای ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمە بۆ بیروڕای گشتی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، ئەرکی سەرشان و پلان دارڕشتنی لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەییەکان چەندقات دەکاتەوە.

بۆیە هیوادارین بە بەستنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و دیاریکردنی سیاسەت، پلان و هەڵوێستی ئەوڕۆیی و پێویست بتوانن هەنگاوێکی کاریگەر هەڵبگرن.

بە هیوای بەستنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو، پڕدەسکەوت و دەوڵەمەند

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

## پەیامی دوکتور کەنداڵ نەزان، سەرۆکی ئینیستیتۆی کورد لە پاریس

هاوڕێیانی هێژا!

لە بانگهێشتی هاورێیانەتان بۆ بەشداری لە پانزەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان بە گەرمی سپاستان دەکەم. لەوەی کە ناتوانم لە کۆنگرەکەتان بەشدار بم، پێم خۆشە لە ڕێگای ئەم پەیامەوە سڵاوی گەرمی خۆم بۆ هەموو بەشدارانی کۆنگرە بنێرم و بۆ کارەکانی کۆنگرە هیوای سەرکەوتن بخوازم. کۆنگرەکەتان لە بڕگەیەکی هەستیار و ئاڵۆزی تایبەتی لە دیرۆکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بەڕێوە دەچێت. لە ساڵانی رابردوودا شاهیدی ڕاپەڕینی گەلان دژ بە دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر بووین. ژمارەیەك لە دیکتاتۆرە سەرەڕۆکانی عەرەب کە ڕێژیمەکانی خۆیان بە هەتاهەتایی دەزانی و لە هەوڵی دانانی جێنشین بۆ کورسییەکانی خۆیان بوون، لە دەسەڵات وەلا نران.

لە سووریە، دەوڵەتی بەعس دژ بە خەڵکەکەی وەستاوەتەوە، بەڵام ڕووخانی شتێکی حەتمیە. گومان لەوەدا نیە کە بەشار ئەسەد، دیکتاتۆری خوێنمژ، هەمان چارەنووسی سەددام حوسێنی دەبێت، ڕووخانی دیکتاتۆری حیزبی بەعس لە سووریە لە زۆر ڕووەوە شوێندانەری پۆزەتیف و باشی بەدواوە دەبێت، لەوانە دەبێتە هۆی لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوچەیی و توانایە تێکدەرەکانی ڕێژیمی مەلاکانی تاران.

لە ناوچەیەك کە لە گۆڕاندایە، ڕێژیمی ئێرانیش مەحکووم بە لەناوچوونە. بەڵام هەر بەو جۆرەی ئێوەش باشتر لە هەر کەسێکی دیکە دەزانن، ئەم ڕێژیمە هەروا ناڕووخێت و گوشارە نێونەتەوەییەکانیش بە تەنیا نابێتە هۆی ڕووخانی. تەنیا ڕێکخستنی گەلانی ئێران لە دەوری ئامانجگەلی سادە و ڕوون و یەکگرتووانەیە کە دەتوانێ ببێتە مایەی ڕووخان و ئەم کارە ئەرکی هێزە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە.

لەم پێوەندییەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە یەکێك لە کۆنترین ئۆپۆزیسیۆنەکانە، دەتوانێ ئەرکێکی مێژوویی بە ئەنجام بگەیەنێت، گەر بتوانێ ڕێکخراوەکانی کورد لە بەرەیەکدا کۆبکاتەوە و لەم بەرەیەدا و لە بزوتنەوە دێموکراتیکەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەوانە دێموکراتە فارس و ئازەرییەکان بەرەیەك بە مەبەستی دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیك و سیکولار و فێدرال بێنێتە ئاراوە.

دڵنیام ڕۆژێك کە ئەم بەرەیە پێك بێت و متمانەی پێویست بە دەست بێنێت، پشتیوانیی جۆراوجۆری نێونەتەوەیی و ژمارەیەکی زۆر لە حکوومەتە دێموکراتیکەکانی لە ئاستی جیهاندا لەگەڵ دەبێت. وەها پشتیوانییەك، سەرکەتنی هێزە دێموکراتەکان ئاسان و خێرا دەکات.

هەر بەو جۆرەی کە خۆتان باشتر لە هەر کەسی دیکە دەزانن و دوکتور قاسملووی نەمریش بەردەوام دووپاتی دەکردەوە، کوردەکان بە تەنیا توانای گۆڕینی ڕێژیمیان لە ئێراندا نیە، گەر تووشی دوور کەوتنەوە و لێکدابڕانیش بن، بێ‌شك باندۆریان لە پێشوو کەمتر و کەمڕەنگتر دەبێت، بەڵام گەر یەکگرتوو بن، دەتوانن ڕۆڵی لۆکۆمۆتیو لە پێکهینانی بەرەیەك لە هێزێك لە دێموکراتەکانی ئێران و هەروەها لە سەرکەوتنی ئەم بەرەیەدا بگێڕن. ئەم کارە گرینگە، تەنیا بە دەستی ئێوەی کورد و ئێرانییەکانی دیکە جێبەجێ دەبێت.

هیوادارم ئەم پرسانە وەبەر سەرنجی ئێوە بکەوێت و ببێتە مایەی لێکدانەوەی تایبەتی لە کۆنگرەدا و هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم کۆنگرەیەدا بەهێزتر لە پێشوو و بە ئیستراتیژییەك دەرکەوێ کە ببێتە مایەی یەکگرتوویی لە ئێران هێزە کوردەکان و ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان.

لە کۆتاییدا هیوادارم کە کۆنگرەی داهاتووتان لە مەهاباد و لە کوردستانی ئازاد بەڕێوە بچێت و منیش بەڵێن دەدەم کە بێم و تێیدا بەشداری بکەم.

بە هیوای سەرکەوتن و سڵاوی گەرمی هاوڕێیانە.

کەنداڵ نەزان

پاریس

٣ی ئووتی ٢٠١٢

## پەیامی پارتی سەوزی ئۆتریش لە لایەن بەڕێز د.پیتێر پیلتز، ئەندامی پارلمان و وتەبێژی نێونەتەوەیی لە پارلمان

دۆستانی ئازیز!

وەك هەمیشە ئارەزووی باشترینەکانتان لە ژیانی سیاسی و شەخسیدا بۆ دەکەم، ئەویش لەبەر ئەم سێ هۆیە:

یەکەم، ناوچەکە پێویستی بە حیزبی کوردیی جێگای باوەڕ و بەهێزە، کە بتوانن زەمانەتی گەشەکردنێکی ئاشتیخوازانە و دێموکراتیك بکەن.

دووهەم، گەلی کورد توانی لە کوردستانی عێراق نیشان بدات کە ئەگەر ئێوە ئیمکانی دیاریکردنی چارەنووسی خۆتان هەبێت و بڕیاری وڵات و ژیانی خۆتان لە دەستی خۆتاندا بێت، زۆر کارتان پێ دەکرێت.

سێهەم، زۆر خۆشحاڵم کە دۆستە کوردەکانم بە هەموو کەسیان پێشان دا، باوەڕپێبوون بەوان و داهاتوویان کارێکی زۆر بەجێ بوو.

ئێوە بڕیاری زۆر گەورەتان لەبەر دەمدایە کە بۆ ئێمەش لە ڕۆژئاوادا زۆر گرینگ و بە وەجە. بۆ ئەمەش بە ناوی پارتی سەوزی ئۆتریش هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

پیتێر پیلز

وییەن

٢٠١٢/٨/٢٧

## پەیامی دوکتور کامیار عەلائی، لێکۆلەر لە زانستگای هارواردی ئامریکا

بەشدارەیل بەرێزی کۆنگرە

وەریەو بردن و تەشکیل کۆنگرەی پانزدەی حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ئێوە و گیشت ئەندام و هەوادارەیلی حیزب و سەرجەم خەڵك کوردستان پیرۆز بوود.

هاورییەل، هیوادارم هەر ئەو جۆر کە لە تاریخ ٦٧ ساڵەی حیزب، ئەرای رەسین، خەڵك کورد لە کوردستان ئێران وە ماف و حەق و حوقوقی و دێموکراتیزەکردن ئێران، خەبات کردینە، تا رەسین وە ئازادی و دێموکراسی، بەردەوام بوین.

ئەرای ئێوە، بەشدارەیل ڕێزدار کۆنگرە، سەربەرزی و کۆنگرەی پڕ دەسکەفت ئاواتە خوازیم.

دوکتور کامیار عەلائی

نیۆیۆرك

٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## پەیامی پارتی ماف و ئازادی (هاک ـ پار)

بۆ کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئێمە لەوەی کە ئێمەتان بۆ کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بانگهێشتن کردووە، سپاستان دەکەین. لەوەیش کە ئێمە ناتوانین لە کۆنگرەدا بەشدار بین، زۆر بەداخین.

وەك دەزانن، نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان لە قۆناخێکی مێژووییدا دەرباز دەبێ. ئازادی بۆ گەلی کورد ئیدی زۆر دوور نیە. وەها ڕەوشێك بێگومان گرینگیی کۆنگرەکەتان زۆر زیاتر دەکات.

ئێمە وەکوو پارتی ماف و ئازادی، بۆ کۆنگرەکەتان ئاواتەخوازین سەرکەوتنێکی مەزنین. پیرۆزبایی گەرم لە ئەندامان، نوێنەران و سەرکردایەتیی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین.

وێڕای سڵاو و ڕێز

بایران بۆزیەل

سەرۆکی گشتیی پارتی ماف و ئازادی (هاك ـ پار)

## پەیامی مەحموود عوسمان، سیاسەتمەدار و کەسایەتیی ناسراوی کورد

بۆ بەڕێزان، ئەندامان و بەرێوەبەرانی هەڵبژێردراوی ١٥هەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بە بۆنەی گرتنی ١٥هەمین کۆنگرەتان کە ڕۆژی شەممە، ٢٠١٢/٩/٢٩ بە ناوی کۆنگرەی «شەهید دوکتور شەرەفکەندی» و لە ژێر درووشمی «هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتن»دا دەستی بە کارەکانی کرد، پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئومێد دەخوازین ئەم کۆنگرەیە بە دەرکردنی کۆمەڵێك ڕاسپاردە، ببێتە سەرەتایەکی بەهێز بۆ یەکگرتنەوەی هەر دوو باڵی حیزبی دێموکرات و سەرجەم هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتی و یەکر□یزیی ناو ماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەمان لەم بەشەی کوردستاندا. جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

دوکتور مەحموود عوسمان

٢٠١٢/٩/٣٠

له روانگەی کۆنگرەوە

# هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتندا



■ رامبود لوتفپووری

## بەشی یەکەم: یەکیەتیی نێوخۆیی و یەکخستنەوەی ماڵی حیزب

«لەمە زیاتر دژایەتی یەکتر مەکەن، یەکگرتوو و پاڵپشتی یەکتر بن... دڵنیا بن یەکیەتی و تەبایی و بەدەستهێنانی زانست دەبێتە هۆی سەرکەوتنتان لە بەرامبەر دوژمندا... یەکیەتی و یەکڕیزیتان بپارێزن...»

پێشەوا قازی محەممەد (لە وەسییەتنامەی پیشەوادا)

سەرەتا:

بێ گومان یەکێك لە سەرەکیترین مەرجەکانی سەرکەوتنی هەر بزاوت و جووڵانەوەیەك یەکیەتی و یەکڕیزیی ئەندامانی ئەو بزاڤەیە.

تەنیا لە یەکیەتییەکی ئۆرگانیکی ئەندامانی ئەو بزاڤەدایە کە بزاڤ وەکوو پەیکەرێکی یەکگرتوو دەتوانێ جووڵانەوەیەکی ئامانجدار و کارامە بێنێتە ئاراوە. واتە بزاڤ وەك ئۆرگانیزمێك کار دەکات کە هەرکام لە ئەندامەکانی سەرباری جیاوازییان لە بیچم و نێوەڕۆك و ئەرکەکانیاندا، وێکڕا و هەرکام بە شێوەی خۆیان لە خزمەت ئامانجێکی گشتی و گەورەتردان، ئامانجێك کە دەرئەنجام بەرژەوەندیی تاك تاکیان و بەرژەوەندیی هاوبەش و گشتییان دابین دەکات. دیارە هەرکام لە ئەندامانیش لە خۆیاندا سیستمێکی ئۆرگانیکیان هەیە و لە کۆمەڵێك ئەندامی بچووکتر پێکهاتوون کە پێوەندییەکی چڕتر و گرێدراوییەکی بەهێزتریان پێکەوە هەیە. بۆ نموونە ئەگەر ئۆرگانیزمی جەستەی مرۆڤ لە بەرچاو بگرین، دەبینین کە هەرکام لە ئەندامانی جەستە بیچم و نێوەڕۆك و ئەرکی تایبەتیی خۆیان هەیە و لە هەمان کاتیشدا بە تێکڕایی لە خزمەت ئامانجێکی گشتی و هاوبەشدان کە ژیانی مرۆڤە. واتە کۆی ئەندامانی لەش بۆ ژیانی مرۆڤ پێویستن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە ئەندامان ئەرکێکی ژیانەکیتریان لەسەر شانە کە خەوشداربوونیان دەتوانێ مەترسیی زۆر شێلگیر بۆ ژیانی مرۆڤ بێنێتە ئاراوە. لە کاتێکدا هەندێك لە ئەندامان لە ئەگەری تێکچوونیاندا کێشە بۆ ژیانی ئاسایی مرۆڤ دروست دەکەن، بەڵام نابنە هۆی مەترسییەکی شێلگیر بۆ سەر گیانی. ئەم هاوکێشەیە لە نێو ئۆرگانیزمی هەرکام لە ئەندامانیشدا بە هەمان شێوە بەدی دەکرێت، بەو جیاوازییەوە کە پێوەندییە ئۆرگانیکییەکە لێرەدا زۆر چڕتر و ژیانەکیترە. واتە تێکچوونی هەرکام لە ئەندامانی ئەو بەشە دەتوانێ گشتییەتی ئەندامی ئۆرگانیزمە گەورەکە لە کارایی بخات. بۆیە هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێو ئەندامانی ئۆرگانیزمە بچووکەکاندا زۆر ژیانەکیتر و گرینگترە تا هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێو ئەندامانی ئۆرگانیزمی گەورەدا. مەبەست لە هێنانەوەی ئەم نموونەیە سەلماندنی ئەو راستییەیە کە ئەم یاسایە بە سەر بیاڤی سیاسەتیشدا زاڵە. واتە لە پێوەندی لەگەڵ باسی ئەم بابەتەدا دەتوانین بێژین، یەکیەتی و یەکڕیزیی هەموو هێزە خەباتکار و دێموکراسیخوازەکانی ئێران پێوەندییەکی ئۆرگانیکە کە لە پێشدا بۆ ئێمەی کورد پێویستی بە یەکیەتی و یەکڕیزی هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەیە و لە پێش ئەوەشدا بۆ ئێمەی دێموکرات پێویستیمان بە یەکڕیزی نێوخۆیی هەیە. بە دیوێکی تردا ئەو درووشمە گرینگەی کۆنگرەی ١٥ واتە «هەوڵدان بۆ یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتن» لە کردەوەدا بەم شێوە تەعبیری لێ دەکرێ کە هەنگاوی یەکەم نەبوونی دووبەرەکی و ململانێی نالۆژیکیی لە نێو ریزەکانی حیزبدایە و هەنگاوی دووهەم چارەسەرکردنی مەسەلەی هاوڕێیانی پێشوومانە. هەنگاوی سێهەم پێکهێنانی هاوکاری و یەکگرتووییە لە نێوان هێزە رەسەن و سەرەکییەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستاندا و ئینجا دەگەینە دوایین هەنگاو کە هاوکاری و یەکڕیزی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێرانییە.

لەم بەشەی ئەم وتارەدا بە کورتی تیشك دەخەینە سەر پێویستی و دەرەتانەکانی یەکیەتیی نێوخۆیی و یەکخستنەوەی ماڵی حیزب کە هەنگاوەکانی یەکەم و دووهەمی پرۆسەی یەکڕیزی لە پێناو سەرکەوتندان.

یەکیەتیی نێوخۆیی:

بوونی جیاوازیی بیروڕا و ململانێی جیاوازییەکان لە هەر بوارێکدا هەبێ لە نێو هەموو پێکهاتەیەك و بەتایبەت لە رێکخراو سیاسییەکاندا بە دی دەکرێت و تا رادەیەکیش نەك هەر سروشتییە بەڵکوو بۆ زیندوویەتی و چالاکیی رێکخراوە پێویستە. بەڵام بە مەرجێك کە ئەم جیاوازی و ململانێیانە بنەمایەکی لۆژیکی و سیاسییان هەبێت و لە خزمەت گەشە و بەرەوپێشچوونی گشتییەتی رێکخراودا بن، نەك وەك ئەوەی کە بەداخەوە لە نێو زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا دەبیندرێ لە پێناو دەسەڵاتێکی رواڵەتی و لەسەر هەندێك بنەمای نامەعریفی وەك باندبازی، تاکپەرەستی و ناوچەگەری بێت. بزووتنەوەی کورد بەگشتی و هێزە سیاسییەکانی لە رابردوودا ئەم چەشنە ململانێیە نامەعریفییانەیان بەداخەوە زۆر ئەزموون کردووە و جگە لە نەهامەتی و دابڕان هیچ ئاکامێکی باشیان لێ بە دەست نەهێناوە. کەوابوو وەك یەکەم هەنگاو پێویستە هێزە سیاسییەکان بە میکانیزمێکی گونجاو و کارامەوە بەرەوڕووی ئەم دیاردە ببنەوە و ریزەکانی نێوخۆیان تۆکمەتر بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراندنی سیستمێکی پەروەردە لەسەر بنەمای بەهێزکردنی ئینتیمای نەتەوەیی دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێت. پەروەردەیەك کە ئینتیمای نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکاتە تەوەری سەرەکی لە هزری خەباتی شۆڕشگێڕان و ئینتیما نەریتی و نامەعریفییەکانی وەك دەستەگەری، باندبازی، تاکپەرەستی و ناوچەگەری لاواز و کاڵ بکاتەوە.

ـ یەکخستنەوەی ریزەکان:

لە چەند ساڵی رابردوودا دیاردەی جیابوونەوە و دابڕان زۆربەی هەرە زۆری رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی گرتەوە و کەشێکی لە ناهۆمێدی بە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستاندا زاڵ کرد. ئەم جیابوونەوانە کە بەگشتی بە دوور لە هەر چەشنە هۆکارێکی سیاسی و مەعریفی بوون، پتر بەرهەمی ژیانی چەقبەستوو و کەم چالاکیی پراکتیکی و ئەو ململانێیە نالۆژیکییانە بوون کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا. بەڵام ئەوەی کە ئێستا و پاش چەندین ساڵ تێپەڕبوون بە سەر ئەو جیابوونەوانەدا بۆ خەڵکی کوردستان و ئەندامان و کاربەدەستانی حیزبەکانیش دەرکەوتوو، ئەوەیە کە جیابوونەوە و دابڕان نەك هەر نەیتوانی ئەو کێشانە چارەسەر بکات و وزەی پەنگخواردووی نێو ریزەکانی شۆڕش وەگەڕ بخات، بەڵکوو جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی بەرەو لاوازی برد و پەرشوبڵاوی و ناهاوئاهەنگییەکی پتر لە جارانی خۆڵقاند. واتە دەرکەوت کە درووشمەکانی چاکسازی و چالاکبوونەوە تەنیا بەرگێکی رووکەش بوون کە بە سەر باڵای دەسەڵاتپەرەستی و شەڕە کورسیدا کرابوون و هیچ رەگێکیان لە هەرێمی راستەقینەدا نەبوو و تەعبیریان لە ویستێکی دڵسۆزانەی نەتەوەیی نەدەکرد. بۆیە زۆری پێ نەچوو کە هەموو ئەو دیاردە ناحەز و نەخۆشییە کوشندانە خۆیان لە جەستەی ئەو حیزبانەدا دووبارە کردەوە. بەڵام سەرباری هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی کە ئەو جیابوونەوانە بەرەورووی جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردیان کردەوە، ئەوەی کە جێگای هیوا و دڵخۆشییە ئەوەیە کە لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا بەرەبەرە و تا رادەیەك کەشێکی راستبینی بەسەر لێکدانەوەی لایەنەکاندا زاڵ بووە و وردە وردە باسی لێك نزیکبوونەوە و یەکڕیزی هاتۆتە رۆژەڤی سیاسیی حیزبەکانەوە. رەنگە ئەم باسە پێشتریش لە لایەن هەندێك لە لایەنەکانەوە هاتبێتە گۆڕێ و مانۆڕیشی لەسەر درابێت، بەڵام جیاوازیی ئەم باسەی ئێستا لەگەڵ ئەوەی لە رابردوودا کراوە بۆ نێوەرۆکیان دەگەڕێتەوە، واتە بانگەوازی لێك نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوە، راستەوخۆ دوابەدوای جیابوونەوە زیاتر دەچێتە خانەی تاکتیك و مانۆڕی سیاسییەوە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە ئارادایە ستراتێژییەکە کە بەرهەمی ئامادەبوونی هەلومەرجی دەرهەست و بەرهەستی دیالۆگ و تێگەیشتن لە پێویستیی لێكنزیکبوونەوە و یەکڕیزی هێزە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لەم سەردەمەدایە. کەوابوو پێویستە لێكنزیکبوونەوە و یەکڕیزی ببێتە گوتار و دیسکۆرسی زاڵ بەسەر پێوەندییەکانی هەموو لایەنە لێکدابڕاوەکاندا. هەنگاوی پراکتیکیش لەم پێناوەدا پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی ٣ فاکتەر هەیە: یەکەم، خۆپاراستن لە هەڵدانەوەی ناپێویستی کێشە و ناخۆشییەکانی رابردوو و کوردوتەنی «کای کۆن بە با نەکردن». دووهەم، لێکدانەوەی ورد و زانستییانەی هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو دیاردانە و دیتنەوەی میکانیزمێك بۆ چارەسەری و پێشگرتن لە سەرهەڵدانەوەی دووبارەیان. سێهەم، دەسپێکردن و بەردەوامی لە دیالۆگ بەبێ هیچ پێش مەرجێك.

ـ حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو

لە پلینۆمی ١٤ی پاش کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکرات واتە ٢ پلینۆمی پێش کۆنگرەی١٥، بڕیاری دەستپێکردنی دیالۆگ بە مەبەستی یەکڕیزی لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو پەسند کرا. ئەم بڕیارە پاژێکی نوێی لە پێوەندییەکانی نێوان هەر دوولادا کردەوە و هیوا و هومێدێکی زۆری بە لایەنگران و دڵسۆزانی حیزب بەخشی. دوابەدوای ئەو بڕیارە و پاش یەکەم دانیشتنی شانەی هەردوو لایەن ئاسۆی یەکگرتنەوە رووناکییەکی زۆرتری بەخۆوە دیت و دڵخۆشییەکی زیاتری خۆڵقاند. بەڵام پاش ماوەیەك لە لایەن سەرکردایەتیی هاوڕێیانی پێشووەوە مەرجێك هاتە گۆڕێ کە داهاتووی پرۆسەکە و بەردەوامیی دیالۆگەکانی خستە نێو تەم و گومانەوە. هەرچەند لەسەرەتادا باسی دیالۆگی بێمەرج کرابوو بەڵام ئەو هاوڕێیانە بە هێنانە ئارای مەرجی بە فەرمی ناسینیان واتە فەرمی ناسینی ناوەکەیان لە دانیشتنەکاندا تا رادەیەك بارودۆخەکەیان ئاڵۆز کرد.

لە راستیدا دیاریکردنی مەرجێك کە خۆی یەکێك لە خاڵە جێی ناکۆکییەکان و جێگای گەنگەشەیە وەك مەرجی دیالۆگ و دانوستان بۆ پێکگەیشتن، ناتوانێ هەڵوێستێکی لۆژیکی بێت. خۆی بەکار هێنانی ناوی حیزبی دێموکرات لە لایەن ئەو هاوڕێیانەوە، هەتا ئێستاش سەرەکیترین خاڵی جێی ناکۆکی و گەورەترین ئاستەنگی بەردەم پێوەندی و هاوکاریی دوولایەن بووە. ئێستا چۆن دەکرێ قبووڵکردنی خاڵی جێی ناکۆکی بکرێتە مەرجی پێکەوەدانیشتن بۆ چارەسەریی ناکۆکی. ئەگەر ئەوە قبووڵ کرابا کێشەکان ئەوەندەیان نەدەخایاند و لەمێژ بوو پێوەندیی دۆستانە و هاوکاریش دەهاتە گۆڕێ. کەوابوو ئەگەر هەر دوو لایەن وەك ستراتێژی چاو لە پرۆسەی دیالۆگ و یەکڕیزی دەکەن نابێ مەرجێکی وا بێننە گۆڕێ کە رێگا لە دیالۆگ و دانوستان بگرێت. ئەو خاڵە دەتوانێ لە دیالۆگەکاندا بکەوێتە بەر باس، نەك ئێستا قبووڵ کردنی بکرێتە پێشمەرج. خۆی ئەوە شاکلیلی چارەسەریی کێشەکانە، ئەگەر کێشەی ناو چارەسەر بکرێت، چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە هێندە ناخایەنێت. جگە لەوانەش خۆی ئەگەر ستراتێژی و مەبەستی سەرەکیی ئەم دیالۆگانە یەکگرتن و یەکڕیزییە بۆ دەبێ کێشەی ناو بکرێتە بەربەست و رێگر لەم رەوتەدا.

لە کۆتاییدا شایانی باسە کە ئەم دەستپێشخەرییەی حیزبی دێموکرات بۆ کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و هەوڵدانی راستەقینە و شێلگیرانە بۆ لێکنزیك بوونەوە و یەکڕیزی لە کۆنگرەی پازدەهەمی ئەم حیزبەدا وەك بڕیاری کۆنگرە پەسند کرا. کۆنگرە وەك ئەرکێك بە رێبەرایەتیی نوێی حیزبی راسپاردووە کە هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ پێکهێنانی کەشی لێكنزیکبوونەوە و هاوکاری و دەرئەنجام یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو بخاتە گەڕ. لەگەڵ ئەوەیدا کە رێبەریی حیزب دەبێ ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ بە ئاکامگەیاندنی ئەم ئەرکە بخاتە گەڕ، بەڵام پڕدیارە ئەمە هاکێشەیەکی دوولایەنەیە و پێویستی بە هەڵسوکەوت و هەڵوێستی شێلگیر و بەرپرسانە و دڵسۆزانەی هەر دوو لا هەیە. بێ گومان بە ئەنجام گەیشتنی ئەم هەوڵانە و پێکهاتنی هەر دوولایەن دەبێتە نموونەیەك بۆ لایەنە ناکۆکەکانی هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردستانیش و بوار بۆ لێك نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەی ئەوانیش دەخولقێنێ. لەوەش گرینگتر ئەو بەستێنە لەبارەیە کە لە دۆخێکی ئەوتۆدا بۆ هاوکاری و هاوخەباتیی هەموو هێزە رەسەن و سەرەکییەکانی نێو بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستان دێتە ئاراوە.

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 591 ■ 21 Oct 2012

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# فیلمی شەقامی «دوکتور قاسملوو» خەڵاتی تایبەتیی ڕەخنەگرانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی «گۆتام»ی بەدەست هێنا




لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی «گوتام»ی نیۆیۆرك، خەڵاتی لێژنەی ڕەخنەگری تایبەت (ئێسپێشێڵ جیوری) بە فیلمی سینمایی «شەقامی دوکتور قاسملوو» بەخشرا.

فیلمی سینەمایی «شەقامی دوکتور قاسملوو»، لە نووسین و دەرهێنانی فەتحی میرزاییان، بەرهەمهێنراو لە هەرێمی کوردستان و بریتانیا، کە ماوەیەك لەمەوپێش لە لایەن فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی گۆتام لە نیۆیۆرك بۆ بەشی پێشبڕکێ هەڵبژێردرابوو، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەزبەر، لە لایەن لێژنەی داوەری فێستیڤاڵەوە خەڵاتی «ئێسپێشێڵ جیوری» (لێژنەی ڕەخنەگری تایبەت)ی پێ بەخشرا و سەرنجی ڕۆژنامەوانان و میدیاکانی نیۆیۆرکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

چەندین بەرهەمی سینەمایی لە ڕووسیە، ئیتالیا، ئۆستralیا، میسر، هیند، چین، فەڕانسە، مەجارستان، ئەمریکا، بریتانیا، ئێران و عێراق لە فێستیوالّی «گوتام» لە نیۆیۆرك بەشدار بوون و نمایش کران.

- فیلمی کومێدیی درێژی « تاقیگە» لە نووسین و درهێنانی حەمید ئەمجەد بەشداریی فێستیڤاڵ بوو کە بە هۆی نواندنی «بارن کوپری و رامبۆد جەوان»ەوە فەزایەکی پڕ لە خەندەی بە فێستیڤاڵەکە دابوو.

- خەڵاتی باشترین فیلمی فیکشن بە «رایس پەدی» ( برنجی نەهاڕاو) لە نووسین و دەرهێنانی «خیاولینگ ژو»، بەرهەمی هاوبەشی چین و فەڕانسە بەخشرا.

- خەڵاتی باشترین فیلمی داکیۆمێنتی بە «هیپ هاپی ژێرزەوینی چینی» لە دەرهێنانی «جیمی وەنگ»، بەرهەمی وڵاتی چین بەخشرا.

- خەڵاتی باشترین وێنەگری بە «فیلیپ باتۆگ لیون» لە فیلمی «برنجی نەهاڕاو» بەخشرا.

- خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ بە «گابریێلا هەمۆری» و باشترین ئەکتەری کوڕ بە «جانۆس کۆلکا» بۆ نواندن لە فیلمی مەجارستانی «دئیگزەم» بەخشرا.

- خەڵاتی باشترین کورتە فیلم، بە کورتە فیلمی « پابلۆ لەسەر تەگەرەکان» لە نووسین و دەرهێنانی « برت سۆرم» لە ئەمریکا بەخشرا.

فیلمی «شەقامی دوکتو قاسملوو»، داستانی عەشقێکە کە لە رەوتی چالاکییە خە با تگێڕ ییە کا نی چەند لاوی کورد لە کوردستانی ئێراندا، دەبێتە هۆی ئاشنایی کە سا یە تییە کا نی داستانەکە. ئەم فیلمە لە چوارچێوەی داستانێکی سورئالیستیدا، پەردەی لەسەر سیاسەتە دوژمنکارانەکان و کردەوە تیر ۆ ر یستییە کا نی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لا داوە.

# کارەساتی ژینگەیی لە لەوەڕگە و دارستانەکانی کوردستاندا بەردەوامە



لەوەڕگە و دارستانەکانی نزیك شاری مەریوان پتر لە حەوتوویەکە لە نێو ئاگردا دەسووتێنن. هێشتا بەڕێوەبەرایەتییە پێوەندیدارەکان بە کوژانەوەی ئاگری دارستانەکان لە مەریواندا، نەیانتوانیوە پێش بەو کارەساتە گەورە ژینگەییە بگرن. لەوەڕگە و دارستانەکانی مەریوان و شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە هۆی ئاگرکەوتنەوەوە خەسارێکی زۆریان لێکەوتووە کە بە کارەساتی ژینگەیی لە قەڵەم دەدرێ و نەتەنیا ڕادەی چڕیی دارستانەکانی کوردستان، بەڵکوو ژیانی گیانلەبەرانی ئەو ناوچانەی بە تەواوی خستووەتە مەترسییەوە.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەزبەر، ژینگە و دارستانی گوندەکانی «قەڵاجێ، ساوجی، دۆڵەبی»ی سەر بە شاری مەریوان ئاگریان گرتووە و زەرەر و خەسارێکی زۆری سرووشتی بەو ناوچانە گەیشتووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجوومەنی سەوزی چیای مەریوان بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپای ڕاگەیاند، لە ماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا ئەمە شەشەمین جارە کە ئاگر لە ژینگە و سرووشتی گوندی «دۆڵەبی» بەردەدرێت.

بەپێی ئاماری تۆمارکراو لە لایەن ئەنجوومەنی سەوزی چیای مەریوان، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ڕێژەی ئاگرگرتنی گوندەکانی دەوروبەری دوو شاری مەریوان و سەوڵاوا گەیشتۆتە ١٧٣ حاڵەت.

سەرچاوە ناوچەییەکان لەو باوەڕەدان کە بەشێك لەو حاڵەتە ئاگرکەوتنەوانە لە لایەن هێز و بنکە نیزامییەکانی حکوومەتەوە ڕوو دەدەن. هەروەها کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکانی کوردستان، لە هەمبەر پاراستنی لەوەڕگە و دارستانەکان و دابینکردنی ئیمکانات و هێزی پێویست بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کارەساتگەلێك وەك ئاگرکەوتنەوە کەمتەرخەمی دەنوێنن.

## زایەڵە

**باران**

### مانۆڕی سەربازی دژی خەڵکی مەدەنی

قەیرانی ئابووری لە ئێراندا، تووڕەیی خەڵکی لە کۆماری ئیسلامی بە چەند قات کردووە و پێشبینی دەکرێ لە چەند مانگی داهاتوودا شایەتیی زنجیرە سەرهەڵدانێکی خەڵك بین. لەم دۆخەدا، کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە لە نێوان هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕەزامەندیی گشتیی خەڵك و گەیشتن بە ئامانجە زێدەڕۆیانەکانی، ئەوەی دووهەمیانی هەڵبژاردووە، ئەم جارەیش وەك هەمیشە نەك بیر لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خەڵك ناکاتەوە، بەڵکوو لەبیری سەرکوتکردن و داپڵۆسین و خنکاندنی پتری دەنگی خەڵکە. بەڵگەیەکی بەرچاو بۆ ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە، ئەو مانۆڕە سەربازییەیە کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هێزە سەرکوتکەرەکانی بەسیجی ڕێژیم لە شاری تاران بەڕێوەیان برد.

موحەممەد کازمینی، یەکێك لە فەرماندەکانی ئەو هێزە بەسیجییەی کە لە مانۆڕەکەدا بەشدار بوون، ڕۆژی سێشەممەی حەوتووی ڕابردوو لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا وێڕای ئاماژە بەو بەشانەی لەو مانۆڕەدا بەشدارییان کردبوو، وتی: «گوردانەکانی پەرچەکرداری خێرا و گوردانی ئیمام حوسێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشە سەختەکان پێشبینی کراون. . .گوردانەکانی ئیمام عەلی بۆ بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشە ئەمنییەتییەکان و بشێوییەکان، گوردانەکانی عاشوورا و ئەلزەهرایش بۆ کردەوەی کولتووری و کۆمەڵایەتی و گوردانی سابرینی بەسیجی بۆ ئۆپەراسیۆنی تایبەت وەك کەمین و دژەهێلیبرن پێشبینی کراون».

ئەمانە هەمووی نیشاندەری ئەوەن کە سەرەڕای ئەوەی کەسانێك وەك خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ خەڵك، ئێستایش هەر درووشمە ناڕاستەکانی خۆیان دووپات دەکەنەوە و ئیدعا دەکەن کە بەشێکی بەرچاوی خەڵك لەگەڵ ئەوانن، بەڵام بە کردەوە ڕێژیم نەتەنیا ترسی ڕاپەڕینی خەڵك دایەتی لە گیانی، بەڵکوو بە ئاشکرا مانۆڕی سەرکوت و داپڵۆسین دەدا. ڕێژیم بەپێی پێشبینییەکانی خۆی، پێی وایە هێرشی سەربازی لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە بەمەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیم بە هۆگەلێکی زۆر جارێك ئەستەمە و گەمارۆکانیش لە دژوارترینیشیدا نابێتە هۆی ئەوەی چەکوچۆڵ و ئامرازەکانی سەرکوتیان نەمێنێ، بۆیە لە هەنووکەدا تەنیا مۆتەکەیەك دەمێنێتەوە کە ئەویش ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووە لە دەستی قاتوقڕی و برسیەتی، خەڵکێك کە ساڵانێکە بەدەستی نەبوونی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە دەناڵێنن. کاری کۆماری ئیسلامی لەوە تێپەڕیوە کە خۆی بە ڕاکێشانی خەڵك بە هۆی ئیدئۆلۆژییە دەسەڵاتپارێزە مەزهەبییەکەیەوە خەریك بکات، چوونکە نە پارەی ئەم کارەی ماوە و نە گومانێکی لەو ڕاستییە هەیە کە خەڵك بە تەواوی خوازیاری نەمانی ئەو ڕێژیمەن. هەر بۆیە، لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەی ڕابوونی خەڵك بە دژی، خەنجێری لە پێشەوە بەستووە و بە بەڕێوەبردنی وەها مانۆڕگەلێك، دەیهەوێ دوژمنە سەرەکییەکەی، واتە خەڵك، چاوترسێن بکات.

وێناچێ ڕێژیم بتوانێ بە زۆرکردنی هێزی سەرکوت، بارودۆخەکە لە کونترۆڵی خۆی بهێڵێتەوە، چوونکە بە درێژایی تەمەنی خۆی و بەتایبەت لە یەك دەیەی ڕابردوودا، ڕەهەندی زۆرەملێی ـ نەك بۆ پاراستنی وڵات و ئاسایشی خەڵك، بەڵکوو بۆ نەهێشتنی ئاسایش و سەرکوتی خەڵك ـ بەهێزتر و بەهێزتر کردووە و هاوکات ڕەهەندەکانی ڕەوایی، تایبەتی و گشتی لاوازتر و لاوازتر بوون و دەکرێ بڵێین تووڕەیی خەڵك لەوە زیاترە کە وەها مانۆڕگەلێك پێش بە ڕاپەڕینیان بگرێ.